شیعر

# عەشقنامەی عاشقێکی ڕەش



ئامادەکردنی: ها عومەر

سەلاحە ڕەش

شیعر

# عەشقنامەی عاشقێکی ڕەش

بۆ ........

ئەو مەعشوقە سپی یانەی
دڵنەوایی عاشقە ڕەشەکان دەکەنەوە

بێ گومان ..
بە تۆی " سپیش "
پێشکەش

سەلاحە ڕەش

سلێمانی ٢٠٠٢

Mit CamScanner gescannt

ناوی کتێب : عەشقنامەی عاشقێکی رەش
بابەت : شیعر
نووسەر : سەلاح ئەحمەد رەشید " سەلاحە رەش "
تایپ و دیزاین : هەوار ئەحمەد رەشید
بەرگ و نەخشەسازی :
کۆسار عوسمان چێوار
رەنج عوسمان چێوار
چاپ : چاپخانەی زانست
چاپی یەکەم : سلێمانی ٢٠٠٢
ژمارەی سپاردن : ٣٦٨ ی ساڵی ٢٠٠٢ – وەزارەتی رۆشنبیری

لەسەر ئەرکی
هاورێی بەرێزم کاک " ئازاد قادر مەحمود رەباتی "
چاپکراوە ، ئامردن مەنبارم

Mit CamScanner gescannt

# دەوڵەتی عەشق

دەمەوێ بڕۆم..
لەناو هەورا بتوێمەوەو
لەگەڵ شنەبای بەیانیەکدا تێکەڵ بەو
خۆم بدەم بەدەم ئاوێکەوە..
یان.. بەسەر پشتی ئەسپێکی سەرکێشەوە بم..
ئەمەوێ بڕۆم.. بۆ ئەوەی ون بم
بۆ ئەوەی یاخی بم
یاخی لەو مێژووەی من لە نوسینەوەی بێ ئاگام
یاخی لەو کەلتورەی من لە گوناهەکانی بێ بەریم
یاخی دەبم.. چیتر ناتوانم فرمێسکەکان بە پێکەنینی
سیخورەکان تەفسیر بکەم... و
لە هەڵپەرکێیەکدا چۆپی کێش بم
تفەنگێك بە خوێن ئوسلێ دەر کرا بێو
لەقەرەوڵی ئەنگاوتنی مەچەکما بی
تفەنگێك لە حەفتا پشتەوە تا هەنوکەش
بێ خەتابە کوشتم خەنی دەبێ



Mit CamScanner gescannt

دەڕۆم‌و نازانم شنەی با
لێوەکانم لە شیلەی چ گوڵێکدا بەجێ دێڵێ
ون دەبم‌ونازانم هاژەی ئاو
لە کەناری قوڕو لیتەی کام زەلکاوا
لە نێو لمی کام دەریادا.. لام ئەدا
یاخی دەبم‌و نازانم
تاوی ئەسپ
لە سەرەنوێلکی‌کام خاك‌و
لە بۆن‌و بەرامەی کام باخەدا تورپم ئەدا
بۆ نەڕۆم بەرەو ڕێگا نادیارەکانی قەدەر
بۆ ون نەبم بەرەو ئەودیو واتاکانی ژیان
بۆیاخی نەبم ڕووەو ڕێگای هاتو نەهات
ئێرە خاڵی‌یە لەو عاشقانەی بە دڵێکی پڕ عاتیفە
ئامێز بۆ مەعشوقەکانیان دەکەنەوە
لێرە ڕۆژ نی‌یە دێوە زمەکانی ترس
عاشقێ مەئیوس نەکەنو
مەعشوقێکیش شەلاق نەدەن
ئێرە خاڵی‌یە.لە مەفهومی بەد مەستێتی‌و
لە زمانی پچڕ پچڕی پڕ حیکمەتی موعتادەکان



Mit CamScanner gescannt

شەو نی‌یە بەد مەستێ زیندانی نەکرێ۰۰و
موعتادێکیش بەر فتوای قەتڵ نەدرێ
ئێرە خاڵی‌یە لە مەفهومی عەشق
لەودیو زریسکە خاردارەکانەوە
فەتیس ئەکرێن
خاڵی‌یە لە پێکەنینی ناخی منداڵێتی
بەیانی‌نی‌یە ئاژێنی فرمێسک
ڕەونەقی منداڵی‌یان نەشواتەوە
ڕۆژەکان لە دوو توێی لاپەڕەکانی مێژوودا گوزەر ئەکەن
ئەم خاکە هەتیوە
خاڵی ئەکرێ لە قین‌و پڕ ئەکرێنەوە لە گومان
خاڵی ئەکرێ لە نمایشی جوانیەکان‌و پڕی ئەکەنەوە لە دزێوی
خاڵی‌یە لە گۆرانی و پڕە لە شیوەن
ئێرە خاڵی‌یە لە گمەگمی ئەو کۆترانەی لە فڕینا
گۆرانی بۆ نەمانی قەفەس‌و تاپڕو چەقۆ ئەڵێن
هیوایەك نەماوە بۆ کۆتر
کۆترەکان چرایەك شك نابەن بۆ بینینی
ڕێگا تاریکەکانی ئاشتی
جار نی‌یە لەسەر خوانی‌ئێوارانی لیژنەی ئاشتی



Mit CamScanner gescannt

چەند کۆترێکی سپی سەر نەبڕنو نەبێتە خۆراکی ژەمێ
ئێرە نیشتمانێکی هەتیوە

لە وەرزی سەوزی بەهاردا دەیکەن بە کۆی زخاڵ
دەمەوێ بڕۆم
دەمەوێ یاخی ببم
دەمەوێ ون بم
بەڵام بەرلەوەی بڕۆم
بەڵام بەرلەوەی ون بم..
بەڵام بەرلەوەی یاخی بم
سەرێك لە هەمووتان ئەدەم
ئاوڕێك لە زەمەنی رابردووی پڕ حەسرەتی
ئاوڕێك لە یادگارییەکانی منالیو
ئاورێك لە گەمەکانی منالانی گەڕەك ئەدەمەوە
بەر لەوەی بڕۆم.. دەمەوێ
سەردانیکی ئەو سەنگەرانە بکەم
کە رۆژانێ شەلالی خوێن بوون وئێستا کەچۆڵ٠٠٠٠ لە
چیاکاندا
مێژوو یادکارییەکانی بەرد بنوسمەوە



Mit CamScanner gescannt

سەردانێکی گۆڕستانەکان بکەمو
سلاوێکی شاعیرانە لە شەهیدەکان بکەم
بەر لەوەی بڕۆم دەمەوێ
سەردانێکی ساتەوەختی ئەو کۆلانو شەقامو درەختانە بکەم
کە ڕۆژانێك جێژوانی لەدورەوە راموسانی چەند عاشقی وەکو
منو
چەند مەعشوقی وەکو ئەوبون
بەر لەوەی بڕۆم دەمەوێ
چاوێك بۆ عەشقێ بگێڕم
عەشقێك بە ساوایی لێیان دزیم
بە ساوایی لە کوێستانی پڕ لە کانیو وەنەوشەوە
بەرەو بیابانی سەرابو دڕك لێیان دزیم
نازانم کوێی بۆ بگەڕێم ·· من عەشقێکم لێ ون بووە
لەوەتەی لەو عەشقە دابڕاوم
لە چلورەی بن پاسارێکی شەختە بەولاوە چیتر نیم
لەوەتەی ئەو عەشقەیان لێ دزیبووم
لە قامیشی لاوێز کەوتووی
سەردەریایەك من چیتر نیم
بۆ عەشقێك دەگەڕێم تا هەنوکەش



Mit CamScanner gescannt

لە داستان و لەو ئەفسانەو لە چیرۆکەکانی گوێ ئاگردانم
نەبینیوە
بۆ نەڕۆم.. بەرەو ئەودیو ریگا نادیارەکانی قەدەر
بۆ ون نەبووم..ڕوەو ئەو دیو واتاکانی ژیان
بۆ یاخی نەبم.. بەرەو وەرە*ی هات و نەهات
لەکاتێکدا کە ئەبینم
بە بەرچاوی پەپولەوە گوڵ دەکوژن
بە بەرچاوی لێوەوە ماچ ئەکوژن
بە بەرچاوی هەورەوە باران ئەکوژن
ئەوانەی ناهێڵێن لەم نیشتمانەدا رەشماڵێکی بێ دەنگی
هەڵدەێن
سەرخەوێکی تیا بشکێنن
ناهێڵن ماڵێکی پڕ حورمەتمان هەبێ و
پێشوازی لە گەریدەیەکی عاشق بکەین
لە زمانی بەردەکانی ئەشکەوتەوە
لە نوسراوی هەڵکۆڵراوی داربەڕویەکی پیرەوە
لەیاداشتی کانیەکانی بنارەوە
پێیان وتین••• لە کەیەوە ژوانی عاشقانمان نەبینیوە



Mit CamScanner gescannt

پێیان ویتین ٠٠٠زۆر لە زوە کەنارییەکانی ئەوین لێرەوە تێ

ناپەڕن

زۆر لە مێژە٠٠ هەموو وەرزێ

ڕێبوارە دڵ ڕەقەکانی هەرەس

لێرە چیرۆکی خیانەتو پیلانی شەڕەکانیان دەنوسنەوە

لە کۆنەوە ئاوا هاتووین

لەودیو خواوە تەفسیریان بۆ ئایەتەکان ئەکرد

حۆریەکانی بە هەشتو قارعەکەی جەهەنمیان

لە خەونەکانماندا ئەتوانەوە

کە ئەوان نەهێڵن دار هەنارێکمان هەبێ

گەورە ببیو ببێتە جێژوانی دوو عاشقی گەرمیانی

کە ئەوان نەهێڵن گوێمان لە گۆرانی خۆمان بیو٠٠ نەهێڵن

سرودەکان هی خۆمان بیو لە گەرودا بیانتاسێنین

گەر ئەوان سەلاحەدینو ئێمەش بەندێکی چاو بەستراو

گەر ئەوان شمشێر بنو ئێمەش گەردن

راوچی بنو ئێمەش نێچیر

رەحمان بنو ئێمەش ئیبلیس

گەر ئەوان هەموو شت بنو

ئێمەش هەر هیچ



Mit CamScanner gescannt

گەر ئەوان..
لەناو باخچەو لەناو کانی لە شەقامو
لەناو پۆلی قوتابخانەو لە ژووری نوستنیشدا
چاودێرو دادوەرمان بن
چۆن یاخی نابم
یاخی دەبم.. یاخی بونێك
لە شێت شێت تر.. لە جنۆکە جنۆکە تر
یاخی دەبم یاخی بونێك
گشت ریسەکان دەکەمەوە بە خوری
رەشنوسەکانی ئەوان دەسوتێنمو
سەر لەنوێ..
وەرزەکانی ساڵو رۆژەکانی هەفتەو
ساتەکانی رۆژو شەو ئەنوسمەوە
بەر لەوەی لەگەڵ شنەی بەیانیەكو
بە سوار ئەسپێکی سەرکێشو
بەدەم ئاوە وە یاخی ببمو بڕۆم
بروسکەیەك بۆ هەموو بارەگای حزبەکانو
ناو مزگەوتو شوێنە گشتی‌یەکان٠٠ دەنێرم
ئاگاداری دروست بوونی دەوڵەتێکیان بۆ دەکەم



Mit CamScanner gescannt

ئاگاداری دروست بونی دەوڵەتی عەشق
لەم پەڕەوە تا ئەوپەڕ
ناونیشانی بارەگای حزبەکان دەکوژێنمەوە
لەسەریان دەنوسم
ئەمارەتی ماچ..
ئەمارەتی گوشین
ئەمارەتی راموسان
ئەمارەتی عاتیفە
ئەمارەتی.. ئەمارەتی..
خۆشەویستی.. ئەوین ..بەیەك گەیشتن ..
لەو شەوەدا
کچان و کوڕان و قەیرەو بێوەژن و پیاوان و پیرەکان کۆ دەبنەوە
ئەو شەوە جەژنی دامەزراندنی دەوڵەتی عەشقە
لەو شەوەدا هەر هەمووومان روت ئەبینەوە\
لە نێو ئەمارەتەکاندا سەمای سەربەخۆیی دەکەین
هەر هەمووومان روت و قوتین
لەناخەوە پێدەکەنین
ئەو گۆرانیانە دەڵێن کە تا ئێستا
نەمان بیستون و نەماوتوون

سەرهەڵگرتووەکانیش دێنەوەو
لەسەر سنور خۆیان روت ئەکەنەوە
ئەوسا قاقا پێدەکەنین
لەم دەوڵەتەدا
شەڕی ناوخۆ بوونی نی‌یە
راپۆرت نوسین هەرگیز جێی تیا نابێتەوە
دەوڵەتی عەشق
پڕیەتی لە ئەوین‌و خاڵی‌یە لە رق
پڕیەتی لە گوڵ‌و خاڵی‌یە لە دڕك
پڕیەتی لە شەراب‌و خاڵی‌یە لە وشەی یاساغ
پڕیەتی لەبەیەك گەیشتنی عاشقەکان‌و
خاڵی‌یە لە دابڕان
پڕیەتی لە یاری منال‌و
خاڵی‌یە لە تۆقاندن
لەم دەوڵەتی عەشق‌و
ئەمارەتی ئەوینەدا
کەس لە کەس زیاتر نی‌یە
هەر هەموومان روت‌و قوتین
هەر هەمومان وەکو یەکین



Mit CamScanner gescannt

کەس مافی کەس ناخواو
کەس غیرە لە کەس ناکا
کەس چاڵ بۆ کەس هەڵناکەنێ
هەر هەمووومان روت‌و قوتین
چ شەوێکی موعجیزەیە ئەمشەو
لە دورەوە   وردە•• وردە
مەعشوقە سپی‌یەکەم لێم نزیك دەبێتەوە
هەردوو ئامێز بۆ یەکتری دەکەینەوە
ئەوی سپی وەك بەفرو ••منی ڕشی وەکو رەشمار
تاوێ یەکتر دەلاوێنینەوە و لێك دەئاڵێین••
ئەوسا بەعەشق دەڵێین•••ئەی‌عەشق
گەر رێبوارێ هات‌و ویستی بەلای تۆدا تێپەرێ
ئەگەر دەستەکانی پڕ لە گوڵ بوون ڕێی لێ مەگرە
گەر دەستی دڕکاوی بوو دەرگای دەوڵەتی لێ داخە
ئەی عەشق
دەرگا لە یەکێ مەکەرەوە عاشقی شەڕە
دەرگا لەیەکێ مەکەرەوە حەزی لە دابڕانی عاشقەکانە
دەرگا لەیەکێ مەکەرەوە تامی ئەفسونی شنەی باو
بەیانیانی نەکردبێ



Mit CamScanner gescannt

دەرگا لە یەکێ مەکەرەوە
کڕنوش بۆ جوانی ناباو پرچەکانی دەسوتێنێ
ئەی عەشق دەست بە دامان
لە شنەی با دروشمەکانمان دەنوسین
بە شیلەی گوڵ ژمارە لە دەرگاکانمان دەدەین
بە مەرەکەبی ناز مێژووی تۆ دەنوسینەوە
ئەی عەشق.. ئاگاداربە.. گەر کچێکی بالا بەرزیسپیت بینی
بڕۆ ناو دڵی‌یەوەو بزانە من نادۆزیتەوە
ئەگەر من بووم ئەوا دەستەکانت بەرز بکەرەوە
با ئەو کچە بێ پەساپۆرت بێتە ژورەوە..
ئەوە مەعشوقەکەی منە
زەمانێکە بۆی دەگەڕێم
سەربەسنگی یەکترەوە دەنێین
دەگەڕێینەوە بۆ یادوەری منالیمان
ئەو باسی نامە چڵکلێتیەکانی شاخ دەکات
منیش باسی ئەو شوشە عەترانەی بۆ دەکەم
کە بە قاچاخچیەکاندا بۆی دەناردم
من دەڵێم..
سڵاوئەی موعجیزەترین جوانی کچی ئەم دەوڵەتی عەشقە



Mit CamScanner gescannt

ئەو دەڵێ..

سلاوئەی عاشقە رەشتاڵەکەم..

ئەی دامەزرێنەری  دەوڵەتی عەشق

چەندە جوانە هەر هەمووومان

روت و قوتین

روت.. لە گوناه..

روت.. لە سیاسەتی فرت و فێڵ

رووت.. لە کوشتنی خەونەکان

هەر هەموومان یەك خودامان هەیە

خودای عەشق

هەر هەموومان بە روتی

لە خودای عەشق دەپارێینەوە

*خودایە هیدایەتمان بدەیت و دەست بە باڵمانەوە بگریت

خودایە وەك بابان و سۆران و مەهاباد

لەسەر شۆستەی نائومێدیدا نەمانکوژی و

لە گۆڕستانی غەریباندا نەمان نێژیت

ئەی شنەی با

ئەی ئاو

ئەی ئەسپ



Mit CamScanner gescannt

بم بورن.. بمبورن
جارێ لەم دەوڵەتی عەشقەدا هەموو رۆژێ
دووشەممەیەو منیش
سەفەرەکەم دوادەخەم
جارێ ناڕۆم... ناڕۆم..
بەڵکوخودای عەشق وا بکا،..
کە ئەمشەو بێتە رۆژێکی پڕ عەشق و... موحیبەت

٢٠٠١
سلێمانی

---

*وەرە.. ئەو تولە رێگایەیە کە لە چیادا هەیە.
*لەدێڕە شیعرێکی (قوبادیجەلی زادە)وەرگیراوە



Mit CamScanner gescannt

# عەشقنامەی عاشقێکی ڕەش

لە.. منی ڕەشتاڵەی کوڕی.. نەگبەت،
بۆ.. ئەوی سپی.. کچی خۆشبەخت

پەیامێکە..
بەرلەوەی بگاتە بەردەم هەور. شەوە تاریکەکان دەیخوێننەوە
نهێنییەکانی خوێندنەوەی ئەم چامەیە
لە نهێنی خەونی موعتادەکان ئەچێ..
لە (کۆمەڵە شاخێکی سەختو گەردن کەش)ەوە
یەکەم حەرفی زمانی ئەپژێو
لە راستە شەقامی (توی مەلیك)دا فێری وتنەوەی لاوك دەبێ.
لە سێبەری هەنارێکی هەڵەبجەدا..
چیرۆکی عاشقە مەئیوسەکان ئەنوسێتەوە
لە شەوێکی باقو بریقی (سەرچنار)دا
سەیری دەسەسرِی سەرچۆپییەك ئەکا.. لەکاتی هەڵپەڕینا
(گوڵە دالیا)..



Mit CamScanner gescannt

هاوڕێیەك و شایەتێکی نزیکی ڕووداوی ئەم دیرۆکەیە
ماموستایەك.. بە کلۆیەك تەباشیرەوە..
دوا سەرنجی خۆی دەخاتە سەر تابلۆی تەواو نەکراوی
بەردەمی..
تا ژمارە بیست هەموو وەرزەکانی ساڵ بەرێ ئەکاو
تا ئەم لەحزە ماڵئاوایی لە بیست ساڵ عەشق ئەکاو
هێشتا تازە.. نامەکانی سەبری ئەیوب ئەخوێنێتەوە..

**ئاگادارییەك بۆ.. عاشقە رەشتاڵەکان**

**غرور مەبن**

**گەر چەلەمە شکێنەی ئە مجارەتان بردەوە**

**تێبینییەك بۆ.. مەعشوقە سپییەکان**

**زویر مەبن**

**گەر نەفامانە گوناهێکتان بەرامبەر کرا..**

– – – –

ئەم ئێوارە یەکەم ئێوارەو دوا ئێوارە نییە
شەوێك لە خەونی هەرزەکاریم و. وێنەیەك لە ئەلبومی
یادگاریەکانم
دەمبەنەوە بۆ زەمەنی پشکنینی کۆڵانە تاریکەکانی عەشق



Mit CamScanner gescannt

دەبمەنەوە بۆ جێژوانی بەیەك گەیشتنی گیلاسەکانی
هەوەس و دەمە تەقێی ڕازو نیازی کەناری‌یەکان
گەرانەوە بۆ تەمەنی بەرائەت و ئامێزی گەرمی موحیبەت
هەموو ڕۆژێ بۆ چەند جارێ لەم شەقامەدا ون دەبم
ون دەبم و
سەفەرێك بەرەو تراژیدیای سەربردەی خەونەکان دەکەم
خەونەکانی ئەو عاشقەی هەتا ئێستاش لەناخەوە پێنەکەنی و
هەر بە فرمێسك سڵاوی لە هەڵهاتنی خۆرو
ماڵئاوایی لە ئاوا بوونی ئەکرد
ئەو عاشقەی یەك یەك هاوڕێیەتی ئەستێرەکانی کردو..
نامە نامە موناجاتی مانگی ئەخوێندەوە
لە تاریکی شەوە دەیجورەکانا..
چیرۆکی بێ کۆتایی لە سێدارەدانی ئەو گۆرانیانەی
نوسییەوە
تا هەنوکەش لە دڵی خاکدا شاردنیەوەو لە زاری (با)وە
جار جارە دەیانڵێتەوە
ئەم ئێوارە دوا ئێوارە نی‌یە بۆ بن درەختێك بگەرێم..
بە بێدەنگی کۆتایی فەشەلەکانم بنوسمەوە
فەشەلەکانی تێکەڵ کردنی ڕەنگەکانی عەشق و



Mit CamScanner gescannt

فەشەلەکانی هەڵگیرساندنی ئەو ئاگرەی بەرگەی رەشەبایەکی
نەگرت
من دەمویست یەك یەك
توترکەکانی ئەو باخە
بشکێنم
پیاسەیەکی دەمەو عەسرانی تیا بکەین
ئەو دەیوت.. کەسێ نییە بۆن بە بۆنی گوڵەکانی عاتیفەی
منەوە بکات
من دەمویست پێکەوە جەستەمان لە ئاوی گۆماوێ نغرۆ بکەین
ئەو دەیوت.. لە نێوانی جەستەی سپی منی سپیو
جەستەی رەشی تۆی رەشدا
دنیایەك رەنگ هەیە.. فرسەخێکی زۆری ماوە
تەواو دەنگم گڕ نەبوو بوو
ئەو بەیانیەی بە ماچی پەنجە دۆشاو مژە یەکمان ناسی
بەر لەوەی ئەو بناسم
من بەردێکی رەق و کوتەکێکی بێ گیان بووم
لاقرتیم بە دوا قوزەو پارانەوەی ئەو توتکە سەگانە ئەهات کە
بێرەحمانە ئەمانکوشتن



Mit CamScanner gescannt

بەر لەوەی بە پەنجە ناسکەکانی پەنجەی سرم راچڵەکێنێ
نەمدەزانی گوڵ چنین و ئازاری درك بۆ وەك یەك نین
نەمدەزانی لورەی گورگ و چریکەی کەناری بۆ وەك یەك نین
نەمدەزانی نەڕەی جەلادو ئای ئای (مەزهەری خالقی)
بۆ وەك یەك نین
نەمدەزانی شیعر بۆچی هەندێ کەرەت دلۆپ دلۆپ
خوێنی لێ دێ و هەندێ جاریش پێ ئەکەنێ
لە ئەفسانەی عەشقی گەڵاو شنەی با..
گوڵە گەنم و نمەی باران.. یاخی بوون و ئەشکەوت..
نەدەگەیشتم
کە دەستەکانم لەنێو تەوقەی دەستی ئەودا خەبەریان بویەوە
ئاوازەکانی عیشق و.. حەرفەکانی شیعرو..
تاکتیکەکانی سیاسەت.. بونە هاورێم
من شاعیرانە عاشقی بووم و.. ئەو سیاسی‌یانە دەستی هێناو
خستیە دەستم
من شاعیرانە لێوم نزیك کردەوە ماچی بکەم.. ئەو سیاسی‌یانە
رومەتی هێنایە پێشەوە..



Mit CamScanner gescannt

**شاعیرە ماچ.. لێوی هەنگە بۆ هەڵمژینی شیلەی گوڵ**
**سیاسی‌یە ماچ.. تیغی دەبانە بۆ هەڵوەراندنی پەڕەی گوڵ**

ریسەکانی سیاسەت زوو دەبنەوە بە خوری
شیعر درەنگ تر
عەشق بۆ ئەبەد..
بەزەیم بەو دوو دڵدارەدا دێتەوە..
بە تیرو دڵ نامەکانیان دەرازێننەوەو شەوانیش بە دزی‌یەوە
بەردەبنە جەستەی خۆیان
بەزەیم بەو ماسیانەدا دێتەوە..
بێهودە بەو دەریایەدا دێن و دەچن، نەفامانە دەکەونە تۆڕی
ماسی گرەکانەوە
بەزەیم بەو ساوایانەدا دێتەوە
لە ئێستاوە خامی سپی‌و بستێك لە خاکی گۆڕستان میراتیانە
بەزەیم بەو ئینجانە گوڵەدا دێتەوە..
بۆچەند ساتێ بۆنی عەتر دەپرژێنێ‌و ڕەشەبایەك دەیشکێنێ
بەزەیم بەو شەهوانیەدا دێتەوە..
ڕۆژانە چاو باشقاڵ‌و شەوانە بێدارو بۆ ساتێکیش ناگاتە
لوتکەی هەوەس

بەزەیم بەو عاشقە رەشانەدا دێتەوە..
خەو بە سپی‌یەکانەوە دەبینن‌و کاڵفامانە
فرمێسکی گەرمیان بۆ ئەرژن
بەزەیم بەخۆمدا دێتەوە.. خۆمی رەش
جەستەم کردە بەرانێك‌و بە قوربانی ئەوم ئەکرد.. ئەوی سپی
بەدوای کوێرێکدا رۆیشتم ... وتم بەڵکە ئەو رێی قاچاغی
قفڵەکان پێ بزانێ‌و دەرگاکانم بۆ بکاتەوە
لەدوای شەلێکەوە رام کرد... وتم بەڵکو ئەو خێراتر هەنگاو
بنێ‌و بمگەیەنێتە دوا مەنزڵ
لەدوای لاڵێکەوە ئەلف‌و بێم دەوتەوە...
وتم بەڵکو هۆرە چڕ بێ‌و فێری نوێترین گۆرانی بم
گوێم بۆ ئامۆژگاریەکانی شێتێ راگرت...
وتم بەڵکە لەمن ئاقڵ تر بێ‌و بەیەقینم ئاشنا بکا
لە نامەی یەکەما.. ساویلکانە بۆم نوسیبوو
لە دڵێکی بێ گەردەوە.. بۆ گولێکی بۆن نەکراو
رێبوارێکی شەکەت‌و تینوێتیم تەنها بە عەشق دەشکێ
لە چاوەڕوانیا یەك یەك گەڵا وەریوەکانی پایزم ناسی
نامەی دووەم.. عاشقانە بۆم نوسیبوو.. قافڵەکانی عەشق
شەوە تاریکەکان جێ‌ئەهێڵن‌و لە سپێدەدا دەگەنە دوامەنزڵ

وەرزەکانی بەفر بارینیشم بەڕێ کرد

لەنامەی سێهەما بۆم نوسی..
ساڵان دەڕواو وا خەریکە لەگەڵ خوێنما تێکەڵ ئەبی
وەرزەکانی سەیران و شەڕی بەدمەستەکانی قەراغ شاریشم
بەڕێ کرد
چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم
تەنها تاشە بەردەکانی شاخ و کانیاوەکان و جەولەکانی رۆژانی
مەردایەتی خوێندیانەوە
نامەی هەشتەم لە زمانی مناڵێکی بەرێئەوە بۆم نوسیبوو
(پەپەو*) گیان .. لەبۆنی سێو هەڵهاتم و نەمردم
(پەپەو) گیان.. ئێستاکە من مناڵە ساویلکەکەی جاران نیم و
لەچۆلەکە باوکانەیەکی سەرە ئەچم
تۆ لە گوڵە دالیا بپرسە.. کەس نی یە وەک من بۆ بەربانگی ئەم
عەشقەی تۆ.. بێ باکانە بەرۆژو بێ
دوا نامە بە شاپەڕی کۆترێکی سپیو
بەمەرەکەبی خوێن بۆم نوسی تا ئەبەد عاشقێکی سەرشێتم
من هەڵەبجەیی یەکی خنکاوم
خنکاو بە (با)



Mit CamScanner gescannt

هەڵەبجەیی‌یەکی دۆڕاوم

دۆراو لە شەڕ

هەڵەبجەیی‌یەکی فاشیلم

فاشیل لە سیاسەت و

خواردنەوەی ئاوی حەیات

چیت لێم ئەوێ من لە زەرنەقوتەیەکی دایك کوژراو

مەحزون ترو

لە پەڵە گەنمێکی سوتاو خەمبار ترم

لە ئێوارەیەکی پەمەیی‌دا

لە باخچەکەی گوڵە دالیا وتم ئەمە دوا فرسەتە با ئەم زەوی و

ئاسمانە بدەن لەیەك

وتی نابێ

وتم ئەمە دوا مۆڵەتی عەشقە با ئەم ساردو گەرمە بدەن لەیەك

بە بوغرایەکەوە پێی وتم من لە چیایەك بەفر ئەچم و

تۆش لە ڕەشـــــمار

وتم ئێ چی دەبێ گەر منی ڕەشمار بەو چیای بەفرەدا داگەڕێم

وتم وەلێ ئاگاداربە ئەم ڕەشمارە ئازار مەدە.. کە تورە بووم

ئەوسا شێتانە.. شێتانە.. شێتانە ئەتگەزم



Mit CamScanner gescannt

لە دوای گەستن قیامەتێ ئەخولقێو دادگاش فتوای بەجەهەنەم

بونمان دەداتێ

تەنها ساتێ سەرم نا بە سنگی‌یەوە

لەگەرانەوەمدا.. جاڕی حەقیقەتی بەهەشتم دا

دایکم وتی.. هێی .. ڕۆڵە ڕەشتاڵەکە باشیرم حەرام نەگەرێو

بگەڕێوە

هاوڕێیەکم پێی وتم.. هێی.. کوڕە ڕەشتاڵەکە بگەڕێوە

مامۆستاکەم وتی.. هێی.. خوێندکارە ڕەشتاڵەکە بگەڕێوە

لەوانەی سلوکدا سفر

شیعر وتی.. بڕۆ بڕۆ هەتا دەگەیتە دوا مەنزڵ من هاوڕێتم

دڵێکم بە ئاسمان خۆش بوو لە میهرەبانی خۆی جورئەتی

ماچێکم پێ ببەخشێ

شەوێك لەسەر بەردەنوێژێکی ڕەق.... تفەنگێك لەتەنیشتمەوەو

لەسەر سەرینێکی بەرد خەونم بینی

ئەفسوس لە خەوما ئاسمانیش لەستافی سپی بوو.. سپی..

گوێ لەو ئەسپ سوارە سپی‌یە مەگرە لەگەڵ یەکەم چوار

ناڵەکی ئەسپەکەیدا

گەیشتە لوتکەو ئالآی بەرزی شەکاندەوە



Mit CamScanner gescannt

گوێ لەو ئەسپ سوارە ڕەشتاڵە گلاوە بگرە
کە ئەزانێ ڕێگای لوتکە چەند هەڵدێرو چەند سەر سمو چەند
هەورازی سەختی تیایە
گوێ لەو سەرکردە سپی‌یە مەگرە هەر لە بێشکەی منالی‌یەوە
بێ ئەوەی لە سەرمای بەستەڵەکو لە قرچە قرچی گەرما بگا
بە کۆرپەیی تاجی شاهانەی کرایە سەر
گوێ لەو سەرکردە ڕەشتاڵە بگرە سەراپا ژینی پڕ حەسرەتو
پڕ غەریبیو پڕ نوشستو راچەنین بوو
گوێ لەو عاشقە سپی‌یە مەگرە لەگەڵ یەکەم ژواندا دەست لە
ملانێی مەعشوقەکەی بوو
گوێ لەو عاشقە ڕەشە بگرە.. لەبەر خۆیەوە هەزاران ماچی
مەعشوقەکەی ئەکاو لە دوورەوە خۆی بۆ دەکوژێ
گوێ لە ئەوی سپی مەگرە کە دەڵێ من عاشقم
گوێ لە منی ڕەشتاڵە بگرە (لەسەر گۆنام نیشانەی زەخمی
ماران گازی پێوەیە)

من بە تەنها جەستەیەکم لەم شەقامە تەزیوەدا دێمو دەچم
تنۆك تنۆك وا خەریکە بەفری سپیش دائەبارێ



Mit CamScanner gescannt

ئەی بەفر..
ئێستا تەنهام.. تەنهاو تەنها
تۆش سەرمەستانە دادەبارێی
ئێستاکە من هەر خۆم تەنهام کەس شك نابەم دەستی هانای بۆ
درێژ بکەم
هەموو دونیا سپی سپی ئەکاتەوە
شەقامو ئاسمانو درەختو تۆش ئەی بەفر.. تۆش هەر سپی
تەنها جەستەی من رەش
گەورەم بەفر..
داببارێ..
تا ئەتوانی بێ رەحمانە داببارێ
جەستەم تەنها..
عەقڵم تەنها..
تەنها وەك تەرمێکی کوژراوی ژەهر
تەنها وەك پەڕەسێلکەیەکی بەجێماوی دوای گەرمیانو
کوێستان
بێ منەت بە..
هەموو شتێ لە ئێستادا سپی سپی ئەکاتەوە
بێ منەت بە..



Mit CamScanner gescannt

دە بباریێو
لە شوێنی خۆم هەردوو قاچم سڕ سڕ بکەو بموەستێنە
با چیدی هەنگاو بۆ گەشتەکانی وەهم نەکەم
بباریێو پەنجەکانم بتەزێنە
با چیدی بەر ئەو پەنجانە نەکەوێ لە ئاگر گەرمترن‌و ئەم کەن
بە کۆی زوخاڵ
بباریێو لێوەکانم لەگۆ بخە
باچیتر..
ناوی ساختەو گۆرانی درۆو خۆشەویستی مزەوەر نەهێنم
ئەوە جەستەم لە حزورتا تاکو تەنها راوەستاوە
بباریێو بمکە بە داهۆڵێکی هەڵواسراو..
بمکە بە سەهۆڵ‌و شەختە.. بمکە بە پەیکەرێکی رەق‌و تەق
بباریێو چاوەکانم نابیناکە..
با چیتر..
سەودای هەراجی فرۆشتنی نیشتمان‌و قاقای خائینان نەبینم
بەچیم ئەکەی بمکە.. دابباریێو دابباریێ..
بمشۆرەوە..بمشۆرەوە
ئوسڵی جەستەی پیس‌و بۆگەنی سی ساڵ تەمەنم لێ دەرکە
وا خەریکە ژەنگ یەکپارچە رۆحم ئەگرێ..



Mit CamScanner gescannt

وا خەریکە کارژی جەستەم سەراپا ژەنگ ئەیگرێ

بمشۆرەوە..

گەورەم بەفر..

بمشۆرەوە..

با ڕەشاوی ئەم جەستەیەم بتوێتەوە

با چیتر..

ڕەش وەك ڕەش و.. جارێکی‌تر سپی وەك سپی بخوێنمەوە

بمشۆرەوە..

من ئەمەوێ.. پاك ببمەوە!..

پاك ببمەوە!..

پاك..

پاك..

*کورتکراوەی ناوی مەعشوقە سپییەکەیە.

* لە فێستیفاڵی چوارەمی گەلاوێژدا خەڵاتی یەکەمی فێستیفاڵی بۆشیعر وەرگرت.



Mit CamScanner gescannt

# خەمە ڕەشەکانی گەڕەکێکی ڕەش پۆش

١)تێبینی یەك...
هەموو قاقای خەنینەکان
بە فرمێسك ئەخوێنمەوە
کەواتە..بەر لەوەی پێ بکەنی
بیر لە گریان بکەرەوە.

٢)سکالایەك...
ئەمەوێ بۆ عەشقێ بسوتێم
کە سەرمام بوو... پاڵتۆیەك بێو بیکەمە بەر
ئەمەوێ بۆ جەستەیەك گۆرانی بڵێم
کە تەنها بووم... شەپقەیە بێو بیکەمە سەر
چیم لەدەست دێ..



Mit CamScanner gescannt

(ئەو)ی قاف و (من)ی تاف
ئەفسوس.. ئەم تەنافی موحیبەتە ناگاتەوە

٣)پێشنیارێك..
گەر گۆرانی‌یەکانی سبەینێم وەك ئەمڕۆ بوون
من شەیتان و...
ئەوەش نیشتمانێکی پڕ لە بەرد.. ڕەجمم بکەن

::::::::::::::::::::::::::::::::::::::::

ئەمشەویش وەك شەوانی‌تر
لەگەڵ (با)دا لەبێدەنگی گەڕەکەکەماندا ون دەبم
ئەمشەویش وەك شەوانی‌تر
لە چرای کزو لە درەختی بێ جوڵەو لە تاریکی کۆڵانەکان
رادەمێنم
گەڕەکێکی کش و مات.. تاکو تەرا سەگ و پشیلەی برسی نەبێ
هیچ دیار نی‌یە.. هیچ نابینی.. هیچ.. هیـــــچ
لە حەوشەکەی ماڵی ئێمەدا دار سنەوبەرێك هەیە



Mit CamScanner gescannt

بێجگە لە کوندەپەپویەك..
هیچ باڵندەیەکی‌تر بەسەر چڵی ئەم درەختە باڵا بەرزەوە نابینی
وەختێ من دەمەوێ خەو ببینم.. لە بری دەنگی گەناری‌یەك
ئەم پەپوە بێدارم ئەکاتەوەو لە خەوی قوڵ رام ئەچەنێ
ئیدی خەون بە سوێترین برین‌و
بەسامترین مۆتەکەی شەوانی دەیجورو تەنیایمە
ئەم گەرەکەی ئێمە..
لەتەك کۆڕەوی ئەستێرەدا بەخەبەر دێ‌و
لەگەڕانەوەیاندا وەنەوز ئەیگرێ
ئەم گەرەکەی ئێمە کە خۆرەتاو چاوەکانی ئەکاتەوە
گمە گمی کۆترەکان‌و.. قوقە قوقی کەڵەشێرەکان‌و..
جریوە جریوی چۆلەکەکان‌و..
سرودی دەم منالان‌و.. بەیانی باشی ژنانی گەرەك‌و..
پیاسەی هەرزەکاران..
رۆژ باش لە گزنگ ئەکەن‌و..
یەکەم کەسن سلاو لە رۆژ ژمێرەکە ئەکەن
بەلام شەوان جەستەیەکی شەکەتەو بێ‌دەنگ ئەبێ
بێ‌دەنگ.. وەك خەونی قوڵی منالْ



Mit CamScanner gescannt

بێدەنگ.. وەك جەستەیەکی بەجێماوی دوای جەنگ..!
ئەمشەویش وەك شەوانیتر
لەگەڵ (با)دا لەبێ دەنگی گەرەکەکەماندا ون دەبم
ئەمشەویش وەك شەوانیتر
لەچرای کزو لەدرەختی بێجوڵەو لەتاریکی کۆڵانەکان
رادەمێنم
ئەم گەرەکە برینێکە وا بە جەستەی شارێکەوە
ئازارێکە لە تەعزیبەکانی قیامەتو
وەك فیردەوسی مەئیوسەکانی دونیا
خەونێکی گەورەی ئەبەدییەو نایەتەدی
لەم گەرەکەی ئێمەدا..
پرسیار کردن نێرویەکە هێرش دەباو لەو سەرەوە بێوەڵامە
پرسیار؟.. پرسیار؟.. پرسیار؟..
پرسیاری کچە قەیرەکانی گەرەك
لەو ژنە جادو کەرەی بەمناڵی شازەوقیانی بڕی و
لەچکێكو بەرماڵێکی دایە دەستیان..
پرسیاری زەمەنی نادیارو خەونی کەڵەکە بوو لەخوا!!
پرسیاری ڕەوی باڵندەو..



Mit CamScanner gescannt

مەرگی پەپولەو کوشتنی هەتاو لەدەریا
پرسیاری پیرترین ژنی گەرەك
لەو سیاسەتمەدارانەی دەیانەوێ جارێکی‌تر..
کارژی ئەژدەهاك بکەنەوە بە بەر نیشتمانا
ئەم پیرە ژنە..
دەستە خوشکی بەتەمەنترین دار هەنجیری گەرەکەکەمانە
ئێوارەیەك.. قاوەیی کاڵ وەك چاوی کچێکی جوان
پەڵە هەورێك بەسەر سنگی ئاسمانەوە
منیش بە جانتایەکی پڕ کاغەزو خەیاڵێکی شیعریەوە
بەرەو ژووری تەنیایی خۆم ئەهاتمەوە..
هۆرەیەکی پڕ لەگریان هاتە بەرگوێم..
ئاورێکم بۆلای چەپی خۆم دایەوە
سەرێکم بۆ ئاسمان هەڵبڕی..هەورەکە بۆنی (باران)ی گرتبوو
هەنگاوێك.. دوان.. سیان.. لە پیرە ژنەکە ورد بوومەوە
چاوانی وەك کونی سوژن..
لەناو چەند دڵۆپە فرمێسکێکا نوقم بوو بوو
ئەم پیرە ژنە.. زەمانێك بەر لەئێستا
کیژێکی ناسکۆڵەی چواردە ساڵانی هەبوو..



Mit CamScanner gescannt

لە خۆشەویستی خاکەوە هەر بە ((باران)) بانگی ئەکرد
بەیانی‌یەك بەر لەوەی خۆر
بە تەواوی تیشکی چاوی خۆی ببەخشێ
ئەم کچەیان لەم پیرە ژنە جیا کردەوە
پیرە ژنەکە هاواری کرد.. (باران).. (باران)..
(باران) کچە شیرینەکەم..
(باران)یش بەدەم گریانی دایە.. دایە.. لەچاو ون بوو
لەو ساتەوە ئیتر (باران) لە کچێکی جوانی گەرمیانەوە..
بووە پرسیاریك بێ وەڵام؟؟
ئەمشەویش وەك شەوانی‌تر
لەگەڵ (با)دا لەبێ دەنگی گەرەکەکەماندا ون دەبم
ئەمشەویش وەك شەوانی‌تر
لەچرای کزو لەدرەختی بێ‌جوڵەو لەتاریکی کۆڵانەکان
رادەمێنم
خەمی گەورەی پیرە ژنم بە رۆحمەوە پێچایەوە
(عادل)ە شێت بەدەم تەقەی ئاسنەکانی دەستیەوە بانگی کردم
(من)و (عادل) بە منالی دوو هاوڕێی یەکتری بووین
من هەمیشە تابلۆی کچێکی جوان‌و درەختێکم ئەکێشا



Mit CamScanner gescannt

ئەویش وێنەی پاسکیلێکی دروست ئەکرد
بەیانی‌یەکی چوار شەممە بوو (عادل) دەستێکی راوەشاند
هاواری کرد ئەم دنیایە هی من نی‌یە
ئەم سروودە دژی خولیاو خۆزگەی منە..
ئەم دونیا هی من نی‌یە.. هـــ یـــ مـــ نـــ نـــ یـــ ە
(عادل) بە دەم بۆڵە بۆڵو جنێوەوە
ڕێی سەفەریکی گرتە بەر.. رێگایەك بەرەو ئەودیو
سنوورەکانی هزرو بەرەو ئەودیو سرودەکانی هۆش
(ئەو) لە زمانێ ئەگەیی.. دوور بوو لەوانەکانی ئێمە
(ئەو) زمانێکی هەبوو.. تەنها پەرەسێلکە لێ ی دەگەیشت
منو (عادل) دوو نەمامی باخە هەناریکی (هەڵەبجە) بووین
دوو منالی شێتو نەگبەت..
دوو بزێوی گەرەکی (کانی عاشقان) بووین
پێ دەچێ هەردوکمان بە حەوت پشت کوڕی یەك (با) بین
یاکوڕی (کانیاو)یێ.. یان کوڕی ساتێکی (ئەشکەوت)یێ
خەونەکانمان لە چڵە وەنەوشەی گوێ چەم ئەچوو
(ئەو) کەلاوەکانو بەردەم دوکانی فیتەرو گەراجەکان ئەگەڕا
بۆ ئەوەی ئاسنێکی دەستکەوێو..



Mit CamScanner gescannt

پاسکیلێکی پێ دروست کا
منیش گۆرانیو شیعرو چیرۆکەکان ئەگەڕام..
بۆ ئەوەی حەرفێکم لە عەشق دەست کەوێو
پەیکەرێکی پێ دروست کەم.. شەوانە دەست لە ملم بکا

خەونێکی بێ ماناو.. خۆزگەیەکی بێناونیشانو..
چیرۆکێکی بێ کۆتایی

ئەفسوس..
نە(عادل) توانی پاسکیلەکەی تەواو بکاو
نە منیش بە دایداری عەشقەکەم گەیشتم
خودایا.. چی دەبوو گەر ئەو پاسکیلێکی بوایەو..
منیش عەشقێکی سروشتی؟!
چی دەبوو گەر.. ئەوی شێتو منی نەگبەت..
منی شێتو ئەوی نەکبەت..
دوو سەرکردەی براوەی دوای جەنگ ئەبوین؟!
ئێستا (عادل) سەرشێتانەو خۆی ئاسایی



Mit CamScanner gescannt

چیرۆکی ئاسنەکانی بۆ پەپولەکان ئەگێڕێتەوە
منیش بە دەم سوتانی جگەرەکەی لێومەوە
دوا شیعر بۆ تارمایی عەشقێ ئەنوسم..
سەراپا گەنجیم پێ بەخشی

شیعر ئەو منالە ئیفلیجەیە
لە شەقامێکدا کەوتووە
ڕۆژانە پۆلیسە شاعیرەکان تێی هەڵئەدەن

جارێکی‌تر خەمی یادگاری‌یە تاڵەکان تەمەنی من ئەخۆنەوە
خەمی سەردەمی ون بوونی منالیم
خەمی سالانی هەرزەکاری‌و یاخی بوون‌و سروودی خاك
ئینشیقاق‌و جیا بوونەوەی سروودەکان لە یەکتری
عارەقی دڵق‌و نان‌و نۆکاوی ساردو.. گیرفانی بێ تمەن‌و..
هەجوەکانی (حەمە سەعید حەسەن)
خەمی ناسنامەی ون بووی شەهیدو..
ژیان نامەی فرێ دراوی پڕ سەروەری
خەمی سەد بارە بوونەوەی جەنگ..
جەنگی کوشتنی خۆزگەو جەنگی سوتانی سروشت‌و..
هێلانەی نەورەسەکان



Mit CamScanner gescannt

جەنگی سەر بڕینی یادگاری و..
هەڵورینی خەونی جوانی عاشقەکان
خەم.. خەم.. خەم.. خەمی ئەو دەمەی لە (عارەق)ەوە تا
(یاسا) هەمووی فەل بوو
خەمی دووکەرت بوونی جەستەو تەکەتولات
تەکەوتول لە سیاسی یەوە تا قاچاخچی
خەمی ئەو ساتانەی..
باڵندەکانیشمان فێری خوێندنی سرودی تەکەتول و
گوڵەکانیشمان راسپارد بۆنی تەکەتول ببەخشن
ئای کە دڕین لەبەرامبەر یەکتریداو..
چەند شەرمەندەین لە حزوری ئاوێنەدا..
لە حەوشەکەی ماڵی ئێمەدا دار سنەوبەرێك هەیە
بێجگە لە کوندەپەپویەك هیچ باڵندەیەکی تر..
بەسەر چڵی ئەم درەختە باڵا بەرزەوە نابینی
وەختێ من دەمەوێ خەو ببینم.. لە بری دەنگی گەناری یەك
ئەم پەپوە بێدارم ئەکاتەوەو لە خەوی قوڵ رام ئەچەنێ
ئیدی خەون بە سوێترین برین و..
بەسامترین مۆتەکەی شەوانی دەیجورو تەنیایمە



Mit CamScanner gescannt

گوێم لە ترپەی پێی خۆم نەبوو..
گەیشتمەوە ئەو (کەهێڵ)ەی تەنیایمی تێدا بەندە
لە ئاوێنە شکاوەکەو لە تەڵخی خۆم ورد بوومەوە
تارمایی‌یەکی رەشتاڵە نەبێ چی‌ترم نەدی
لە کتێبخانەکەمدا (مەولەوی)م دی..
ریش تاشراو وتی زەمەنی عەشق و..
زکری سۆفیان بەسەر چووە
(مەحوی)م بینی لە خانەقاکەیدا بە کاوەخۆ دەیوتەوە
قەدر.. موحیبەت.. قەدر.. موحیبەت... موحیبەت
سەری بێزاریم راوەشاند..
(مارکیز) بە زەردەخەنەیەکەوە سەیری کردم
ببورە مارکیز..
ئێرە ئەو وڵاتەیە هەزاران ساڵە تەنیایە..نەك سەد ساڵ
ڤایرۆسێك لەم گەرەکەی ئێمەدایەو هەمووومانی بۆن کردووە
لە ڤایرۆسی ناو رۆمانەکانی تۆئەچێ
ڤایرۆسێك ناسنامەکەی لەگەرەکێکی باڵا بەرز جێ هێشتووە
کە شەوانە تەنها باسی سێ شت ئەکەن
یەکەم پرۆگرامی سەفەرێکی نوێو..
دووەم ئاڵو گۆری گرانترین بەهای ئەمرۆو..



Mit CamScanner gescannt

سێهەم جوانترین سکرتێرە..
شێرکۆ لەو لاوە بەزمانێکی شیعری جوان بانگی کردم
سەری کەچەڵ.. بێ چاویلکە.. بێ جانتا..
تەنها جگەرەیەکی بەلێوە بوو
پێی وتم سەرسام مەبە..
لەگەرانەوەمدا پرچەکانم لە (هەڵەبجە) بەجێ هێشت و
چوار چێوەی چاویلکەکەم لە گەرەکەکەی ئێوەو..
شوشەکەشی لە (شەعب)
وتم ئەی جانتاکەت
وتی وەختێ لولەی زرێپۆش رووی کردە چاخانەکەی (مچکۆ)
ئالەوێدا جانتاکەمم لێ بەجێما..
رووەو پەنجەرەکە زۆر لەسەرخۆ هەنگاوم نا
سەراپا دنیا رەش.. درەخت رەش.. ئاسمان رەش..
گەرەك رەش.. باڵندە رەش..
هەموو شتێ لەبەر چاوم قەترانی بوو
چی لەم هەموو خەمە رەشانە بکەم..
چی لەم گۆرانی‌یە رەشانە بکەم
بەم جەستە رەشەوە
دەمەوێ خەونێکی سپی ببینم..



Mit CamScanner gescannt

خەونێك وەك خۆم ڕەش نا.. سپی سپی وەکو بەفر
خەونێك، کانی گۆرانی تیا بڵێو..
ڕەشبەڵەکی ئەوینێ بێ.. درەخت سەرچۆپی تیا بگرێ
بەڵام چیبکەم..
لە حەوشەکەی ماڵی ئێمەدا تەنها دار سنەوبەرێك هەیە
بێجگە لە کوندەپەپویەك..
هیچ باڵندەیەکیتر بەسەر چڵی ئەم درەختە باڵا بەرزەوە نابینی
وەختێ من دەمەوێ خەو ببینم.. لە بری دەنگیکەناریەك
ئەم پەپوە بێدارم ئەکاتەوەو لە خەوی قوڵ رام ئەچەنێ
ئیدی خەون بە سوێترین برینو..
بەسامترین مۆتەکەی شەوانی دەیجورو تەنیایمە...

**تشرینی یەکەمی**

**١٩٩٩ سلێمانی**

---

*عادل.. ناوی شێتێکی هەڵەبجەیە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی شێت بوو، لەو ساتەوە تا ئێستا ناسن کۆ ئەکاتەوە بۆ ئەوەی سەیارەیەک دروست بکات.

*کەهێڵ.. خانوو

*ئەم شیعرە لە فێستیڤاڵی پێنجەمی گەلاوێژدا خوێندراوەتەوە.



Mit CamScanner gescannt

# لە شاعیرێکی رەشەوە

# شیعرێکی رەش

# بۆ زەمەنێکی رەش

لە گۆرانیەکی سالح دیلانەوە:-

ئەی هەورەکەدایڕێژە سەری تشرینە
وادەی پەڵەو ناشتنی تەرمی هاوینە
نۆبەی تۆیە بگری بەسەر هەمووماندا
بەسەر لاشەی نیسك و پروسکی رابردومانا
بیشۆرەوە با سەر لە دەستی دیاری بێ
با قوڕ خەست بێ و بۆ سەری شەرمەزاری بێ
.........................

پێ دەچێ ئەم نیشتیمانەی ئێمە مەنفا بێ
پێدەچێ ئەو دۆزەخەش بێ کە تەنها لە قیامەتدا هەیە
ئەم نیشتمانەی ئێمە لە کۆترێکی دەستەمۆی پێکراو دەچێ
دەیەوێ باڵە فڕ بێ و بفڕ
ئەم نیشتمانەی ئێمە



Mit CamScanner gescannt

لە درەختێ دەچێ
زڕو وشكو بێ سێبەرە
درەختێك لە دێر زەمانەوە بە خوێن تاسەی تینوێتی دەشكێ
عەیامێكە
ماندوێتیمان بۆ سێبەرەكەی دەڕوانێو
برسێتیشمان بۆ بەرهەمی سك ئەگوشێ
بەڵام ئەفسوس
تەوەرە چاو سورەكانی ئەودیو عەشق و موحیبەت
پەیتا پەیتا
لە ڕەگەوە بە ئازارەوە دەیكوژن
ئەم نیشتیمانەی ئێمە
ئەستێرەیەكی بێ ڕەونەقە
عەبایەك ••• لەپەڵە هەورێكی ڕەش ••• دایپۆشیوە
ئەم ئەستێرەی ئێمە
نەڕۆژهەڵاتە نەڕۆژئاوا
نەباكورە نەباشور
نەئەمسەری هەیەو نەئەوسەر
نەناوەڕاست
پێ دەچێ ••• ئێرە مەنفابی



Mit CamScanner gescannt

پێ دەچێ ئێرە دۆزەخ بێ
لەم نیشتیمانی مەنفاو دۆزەخەشدا
دڵنەوایی زۆر کەسمان کردو  نازی زۆری ترمان هەڵگرت
چەند گۆرانی وچەند بەستەمان
بۆ هەیبەتی مارکس و پێغەمبەرو لینین و ستالین
جیڤاراکاندا وتەوە
چەندین جار سرودەکانی
ئەنتەرناسیۆنال و
ڤێتنام و چین و نیکاراگوایمان وتەوە
بۆ هێرۆشیماو منالانی ئەفریقاو فەلەستینی داگیرکراو
چەند جۆگەلەی فرمێسکمان بەست
چەندەهای شەو لە خروری چرای کزا وەك عاشقێ
زۆر داستان و ئەفسانەو قەسیدەمان خوێندەوە
بەلام هەنوکەش کەسێ نی یە
بۆ ساتێکیش دلی پڕ لە کەسەری ئێمە بداتەوە
کەسێك نی یە
تەنها بەیتێ بۆ زەردەشت و (مامە ریشە)کانی ئێمە بلێ
کەسێ نی یە
نامەی عەشقی نالی و حەبیبە بخوێنێتەوە



Mit CamScanner gescannt

گوێ لە زکری شەو ڕۆژو
لە عاشورای قەسیدەکانی ئێمە بگرێ
تاوێ نەبوو
دڵۆپێ فرمێسك بۆ کەنارییەکانی هەڵەبجەو
گۆرانی‌یە کوژراوەکانی ئەنفال بڕێژێ
کەسێ نەبوو
وانەکانی ئەوینمان بخوێنێتەوە
کەسێ نەبوو
کەسێ نی‌یە
کەسێ نابێ
پێدەچێ ئێرە مەنزڵگایەکی عەدەم بێ
پێدەچێ ئێرە بیابانی مەنفا بێ
پێدەچێ ئێرە ئاگرە سورەکەی دۆزەخ بێ
سروشتی نیشتیمانەکەی ئێمە
لەمناڵیەوە فێرمان دەکات
سەفەری عەشق بگرینە بەر
بەمناڵی باوکمان فێرمان دەکات
بە بەردەوازگەی ئاوەلوس بووی چەمێکا.
لەم بەرەوە بۆ ئەوبەر چەم بپەڕینەوە..



Mit CamScanner gescannt

باوکیشمان باپیرمان فێری کرد..
کەواتە هەموومان کاروانچین...
گەر سەفەری عەشق گوناه بێ
ئەوا هەموو گوناه بارین
گەر خەتا بێ
ئەوا هەموومان خەتابارین
گەر تاوان بێ
ئەوا هەموومان تاوانبارین
ئێمە عەشقی دوندی چیاو کانی بنارو قاسپەی کەوو
سرودی برینەکانین..
چیبکەین بەدەست خۆمان نەبوو.. وافێر کراین..
دەبێ واشبین.. هەر واشدەبین..
دەژین بۆ عەشقێ.. دەڕۆین بۆ عەشقێ
دەمرین بۆ عەشقێ..
عەشقێك.. نە سەرەتای هەیەو نە ناوەراست
نە کۆتایی..
عەشقێك نەڕەنگی هەیەو نە دەنگ
ئەم نیشتمانە سەراپا بۆنی باروتە..
لێم گەڕێن..



Mit CamScanner gescannt

لەم نیشتمانە دۆزەخەدا
دەمەوێ سەرخەوێ شکێنم...
دەمەوێ.. نەختێ ئارام بم..
دەمەوێ.. کپ و بێ دەنگ بم
دەمەوێ.. لەبەر خۆمەوە سەما بکەم
یادەوەریەکانی منالی و هەرزەکاریم
بخوێنمەوە
ئەو مندالەی تیایدا ئیفلیج بووم و
ئەو هەرزەکارییەی
نەمزانی مومارەسەی بکەم..
ئەمەوێ هەموو شتی بێدەنگ بێ
بێدەنگ.. بێدەنگ
تارمایی کچێکی سپی رەنگ بەفراویم دێتە بەرچاو
کچێك.. لەپەنجەرەکەمەوە بە سەمایەکی بێدەنگ
دێتە ژورەوەو لە زەمەنێکی وەنەوشەییدا..
بەلێو بۆ یەکتری پێدەکەنین..
بەچاو سۆز بۆ یەکتری دەنێرین..
ئای زەمەنی بێدەنگی چەند خۆشە
لەزەتی زەمەنی بێ هەراو بێ جەنگ چەند شیرینە•



Mit CamScanner gescannt

لێم گەڕێ.. مۆتەکەی جەنگ لێم گەڕێ
لەم وەرزی پەڵەو ناشتنی تەرمی هاوینەدا
پەساپۆرتی کام ویژدانت هەڵگرتووە
وا ئاسمانی نیشتمانە بێ کەسەکەم لە دوکەڵا نغرۆ ئەکەی
مانگم بۆ لێ دەشارییەوە
روناکی هەتاوم بۆ لێ ئەدزی
بۆ ئەستێرەی بەختەکەی خۆم ئەخەیتە خوار؟
ئەی فڕۆکەوان
تۆ کەهاتی.. باڵندەکان گشت تەرە بوون
تۆ کەهاتی..
دایکانەو باوکانەکان هەریەکە بە ڕێیەکدا وێڵ بوون
ئەم سەفەرەت
بۆ سەر بڕینی چامەکەی نالیو سالمو
تەیرەکانی دلاوەرو
بۆ سوتانی
زکری عاشقانەی مەحوی بوو
تۆ کەهاتی.. بۆ سیس کردنی گوڵە ڕەشەکەی شێرزادو
گوڵعەنبەرەکەی مەولەوی بوو
ئەم سەفەرەت.. بۆ دابڕانی حەبیبەکان لە نالییەکانو



Mit CamScanner gescannt

بۆ دابڕانی کچە شیریەکەو
جەستە رەشەکەی قوباد بوو
ئەو فڕۆکەوانەی کەس نازانێ
لە کام شەهوەتەوە هاتووە
ئەو فڕۆکەوانە.. دوای بارینی شەستە مەرگ لە نیشتمانەکەمدا
دەگەڕێتەوەو لە شەوێکی مەستی ئەستەمبولا ون دەبێ
منیش لێرەوە..
کە کەللەسەرم لەسەر لوتکەی چیاکە جێ هێشت
تەنها جەستەم ئەگەڕێتەوە.. لە گەڕانەوەمدا
دەستی باپیرە دەگرمو بەرماڵێکیش دەدەم بە کۆڵ داپیرەما
فڕۆکەوان
دوای ئەوەی ویستت دواقەسیدەی نیشتمانەکەم سەربڕی
ئیدی چ ماوە نەیکەی؟
بڕۆ خەونەکانم مەدە بەدەم روبارەوە
بڕۆ بۆلای ئەوانەی
دوندی چیاو شەرەف.. قەسیدەکانی نیشتمانو ئەخلاق..
گۆرانیەکانو مێژوو.. شانۆو باخچە..
بڕۆ.. بۆلای ئەوانەی لە ساتێکا هەموو شتێکیان فرۆشت
فڕۆکەوان.. لە گەرانەوەتدا



Mit CamScanner gescannt

بە سەرکردە بێ رەحمو دڵرەقەکانت بڵێ
سروشتی نیشتمانەکەی ئێمە وایە
کە لە دایك دەبین
بەم شێوەیە جەستەمان دابەش ئەکرێ
کە گەورەش بوین هەروا دەکەین
پەنجەکانمان... بۆ پەلەپیتکەی تفەنگو
کەللە سەرمان.. بۆ پەڕاندن
چاوەکانمان.. بۆ بینینی حەزو نا حەز
دەم بۆ لاڵ بوون
جەستەشمان بۆ ژماردنی تەرمی کەوتووی گۆڕەپانی
جەنگەکان
خوێنیشمان بۆ سور کردنی تاشەبەردێکی سەرچیا
ئەمەیە سروشتی نیشتمانی ئێمە
ئەمەیە سروشتی نیشتمانی..

ئەمەیە سروشتی. ئەمەیە ٠٠ئەمە٠٠ئە٠م٠٥٠

-١٩٩٦ -

سلێمانی

*ئەم شیعرە لە فێستیڤاڵی چوارەمی گەلاوێژدا خوێنراوەتەوە.



Mit CamScanner gescannt

# سەمای مەرگی پەلکە زێرینە

خەونەکانمان .. لەگەڵ ترپەی هەنگاوەکاندا .. لێك ناچن
ئێمە لە خەونەکاندا ..
لە خەڵوەتگای عەشقێکەوە گۆرانی دەڵێین
کە بەیانی لەخەو هەستاین
لە دوورەوە تفەنگێکی ژەهراوی
بە دزییەوە گۆرانیەکانمان دەکوژێ ..
کە هاتین
شەوچەرەمان بۆ شەوانی عاشقەکان هێناو
گەرەکمان بوو .. گوڵبارانی جێ ژوانی کەلاوە رووخاوەکان و
شوێنە نسرمەکانی ئەویندارن بکەین
گەرەکمان بوو .. تاسە قرچاوەکان وخەونە بزرکاوەکان و
گەلاوەریوەکانی رۆح وشنەی با تەزیوەکان
بخەینەوە سەمای بەر پەنجەرەی ئێواران .
ئەوسا بەدەم ئاوازە هێمنەکانەوە
خەونەکان بۆ یەکتری بگێڕینەوە
ئێمە لەم دوڕیانەدا .. مەرگمان لە خۆمان تۆراندو
هانامان بۆ نینۆکەکانی کوشتن برد
ئێمە لەم دوڕیانەدا



Mit CamScanner gescannt

نەهاتین بۆ بارانی رەحمەت بگرین
دەستەکانمان فێری گوڵ چنین ودەست گوشین و
تەوقەی سەر رێگاکان نەکرد....
نەهاتین شەوژەنی ئەو قەفەسانە ئاوەڵا کەین
دەستمان خستە خوێنی یەکتر
هاتین وبەگژ هەورا چوینەوە
نیشتمانمان کردە زیندانی گەورە
ئای چەند جار ....
لە پەنا دیوارو.. لە بنە پاسارو .. لە محیرابی مزگەوتەکان و...
لە پشتی دار بەروەکان ولەناو سەنگەرەکان و.. لەناو گوڵە باخەکاندا ..
چاو لەسەر قەرە وڵ و
دەست لەسەر پەلە پیتکە ..
بۆ یەکتری دادە نیشتین .
بەر لەوەی بەم رەنگانە ئاشنا بین
هەمومان پەلکە زێرینەمان خۆش دەوویست
کەچی ئێستا من ڕەنگێك و تۆ ڕەنگێك وئەو ڕەنگێ
لەنێوان ئەم رەنگانەدا
من .. تۆ .. ئەو ..
دەبینە پوشی سەر ئاوو لە ناو رووبارەکاندا وون دەبین ..



Mit CamScanner gescannt

وون بونێك .. كەسمان ئەوی ترمان ناناسینەوە ..
وون بونێك .. رق وشەڕو عەدەم نەبیٚ
چ شتێکی  تر سەوز ناکەین .
بەر لەوەی بە خوێنی یەکتر تینوێتیمان بشکێت
ئەو ڕەنگانە .. لەپایزدا
تا بلۆ یە بوون .. دیمەنی گەڵاوەرییوەکانی ئەو درەختانە بوون
هێدی هێدی .. بەسەماوە دەکەوتنە کۆشی زەوی
ئەو سەردەمە ئەو رەنگانە
سرودە گەشەکانی دەم ئەو منالأنە بوون
بەیانیان زوو .. بەزەوقەوە دەیان چری
ئای لەو رۆژانەی دەڕۆن و پێیان ناگەین
ئای لەو زەمەنەی  جێمان دێڵیٚ و
ئێمەش لە جیٚی خۆمانەوە ..
بەجەستەیەکی بێتاقەت وشەکەتەوە
هەر چاوەریٚی زەمەنێکی تر دەکەین .
زۆر عاشقی ئەم دوونیایە
یاداشتنامەی خەمەکانیان پێچایەوەو لەسەر رەفەی مۆزەخانەکان
بەجێیان هێشت
بەلأم .. ئێمەی خەتابارتر لە هەتاوو لە جوانی ولە بەفر کوژ
تروسکایی ئەو چرایەشمان کوژانەوە



Mit CamScanner gescannt

کەجارجارێ .. شەوانی گۆرستانێکمان رووناك ئەکردەوەو
لەگەڵ شەهیدە بێگوناهەکاندا
سەودای بازاری چەك وفیشەکمان تیا ئەکرد ..
هەڕاجی گوڵ بۆن وسەمای عاشقەکانمان تیائەکرد
من .. تۆ .. ئەو .. کە رەنگەکانمان هەڵبژارد
بۆ جوان کردنی تابلۆی نیگار کێشەکان نەبوو ..
بۆ سرودی عاتیفی زەمەنی سەختی چیاکان نەبوو ..
بۆ درودی کۆترە سپیەکان .. بۆ گۆرینی بەرگی ژنە ڕەشپۆشەکان
نەبوو..
کە رەنگەکانمان هەڵبژارد .. بۆ هیچ نەبوو ..
جگە لە کوشتنی رەنگی پەلکە زێرینەی ئاسمانی ئەم خاکە
سوتماکە نەبێ
چیتر نەبوو .. چیتر نەبوو . نەبوو . نەبوو

١٩٩٧ هەڵەبجە



Mit CamScanner gescannt

# کۆتایی نهێنییەکی سپی

**بە (نون) پێشکەشە**

لە بێدەنگیت وەرس نابم
لە ئازاری ئەم هێمنیەت
زویر نابم
گوێ لە دەنگی رۆحت دەگرم
چاو بۆ نیگای مەستت دەگرم
ناخ بۆ ناخ
و
دەست بۆ دەست
و
خەم بۆ خەمت
را دەگرم
ئای لە گریانی ناخی تۆ
وای لە شیوەنی عەشقی من
ئای لە گەورەیی



Mit CamScanner gescannt

لە بەرزی
لە سنوری
نهێنی تۆ
وای... لە دڵی
ئاژەنراوی
کونکوناوی
پەشێوی
من..
لەم لێواری عەشقەوە
گوێم...
لە زەنگی هەڵسوکەوتی حەزەکانتە
روم..
لە رەنگی ئاڵو والاَی رازەکانتە
بەم رەنگەوە
بەم دەنگەوە
بەم عەشقەوە
بەم خەمەوە
بەم زەنگەوە
بەم جەستەوە



Mit CamScanner gescannt

بەم شەختەوە
هاتووی خەمی
وەك بەرزایی خۆت کەڵەگەت
بە نێرگزەجاری عەشقی منا
گوزەر بکەی
دەرگای دڵم مەکەرەوە
نا.. نا.. نەکەی...
لەوەتەی هەم..
روبارێکی یاخی بووم و
خۆم ناناسم
لەوەتەی هەم
درەختێکی روتەڵم و
بەرناگرم
لەوەتەی هەم
کڵاوەکەم..
(با) دەیبات و
منی شێتیش.. سەرشێت..
سەرشێت
بە دوی کڵاوی بابردەڵەی سەری خۆما



Mit CamScanner gescannt

هەر رائەکەم
نازانم ٠٠تۆ
لەنزیکەوە٠٠٠٠
کلاوەکەی سەری منت
نەبینیوە؟
نازانم ٠٠تۆ ٠٠٠
کلاوەکەی سەری منت
بەدەست منالێکی سەرشێتەوە
یاخود
بەدەست
سەرخۆشێکی بەدمەستەوە
یاخود بەدەست٠٠٠
کەنەفتێکی کەللە پوچا
نەبینەوە ٠٠٠؟
چما گوڵم ٠٠٠
ڕۆژێ٠٠٠٠
شەوێ ٠٠٠
تەنها ساتێ
لەگەڵ جەستەی کلاوەکەی



Mit CamScanner gescannt

سەری منا ••
لەنێوانی هەناسەی تۆو
و
هەناسەی ئەو ••
گیانم ••نەبوە بەئیلهام و
لەحزوری ڕازەکاند •••
سەما بکا
دەرگای دڵم مەکەرەوە
زۆر ئێوارە
بۆ گوڵ چنین•••
سەر بەسەوزایی عەشقەوە دەنێم
سەرسام مەبە
نەپەنجەم هەیە گوڵ بچنم
نەدەست کێش ••••هەڵی بگرم
گوێ‌بۆ گریانم هەڵمەخە •••
فرمێسکەکانم •••
سپین سپی•••
وەکو سیمای بەرە بەیان



Mit CamScanner gescannt

وەك پرچی تەنكو وردی
پیرەمێردی
كۆنە زەمان
فرمێسكەكانم •••••
وەك چاوانی سیحراوی•••تۆ
پڕلەخەمن
وەك ئیقاعی لەنجەولاری ئێوارانت ••
پڕسوتان و پڕماتەمن
گوێ•••
لەگریانیمن مەگرە
هاواری من
وەك هەناسەی بەكوڵی تۆ
گڕگرتو ە
لەوەتەی هەم
بەڕێوازی بیابانێكا گوزەر ئەگرم
بەرەو •••سەراب••••
سەرابی دور
ئەو سەرابەی
جار بەجارێ



Mit CamScanner gescannt

تورەم دەکا

جار ناجاریش

ماچم دەکا

من لەنێوان ماچ و تورەبوندا

خۆم ناسی

ماچ وەك شکاندنی حەزو تاسە

وەك و ئەوین

وەك و وەفا

وەك وژین

تورەبون

وەك رقو بێزار بون

وەك ••• روخساری نامۆ

وەك•• برسی بون

لەئازارو

لەئەوین

لەدڵنیایی•••م

گومان مەکە •••••

کێڵگەی دڵم

وەك ناولەپی دەستەکانی تۆ



Mit CamScanner gescannt

سادەیە
تەنیام زەرد ••••
وەك تەنیایی شەوانی ناوەوەی تۆ
گۆرانیم ڕەش
وەك گۆرانی غوربەتی تۆ
حەزەکانم پەمەیی و سور
وەك حەزی ماسۆشی تۆ
خەونەکانمان لەیەك ڕەنگ و
لەیەك دەنگ و
لەیەك سۆزی ئاواز دەچن
ئەی گەورەترین نهێنی
لێم مەپرسە
بەدوای فلیمی پرسیارەکاندا
بەچ زمانێ دەمدوێنی؟••
ئەی گەورەترین نهێنی

بریا •••گوێم لەدەنگی تۆ نەدەبوو•••
بریا سەرم لەناو بۆتەی
نهێنی تۆ کاس نەدەبوو•••



Mit CamScanner gescannt

نهێنیەکت زۆر گەورەیە••••
گەورە وەك خۆت •••
تەڕ وەك ئاوی باران
خاو هەروەکو خاوبونەوەی جەستەیەکی
لەدوای گەڵای لەزەت
وەران
دەکرا هەر نەبویتایە
سەیرە
ئەم دنیایە •••چەند نهێنیەکی ئاڵۆزە!
ئەوەنەش گوناه ••و تاوان ••
دروست بونت
تاوانێکی ئەزەلی بوو
گەورە بونت •••
هاوکێشەیەکی سەراو بونت
چیم لەدەست دێ
لەنێوان تاوانی زەمەن و
گوناهی دنیا
چیم پێ دەکرێ
خۆم بدەمە دەست کۆتایی ••



Mit CamScanner gescannt

یاخود لەناو
گەڵاڕێزانی پەشێوما
خەم بەم بە(با)

چیم پێدەکرێ
ئاخر کچێ ... چیم پێدەکرێ؟ ...
دەپێیم بڵێ

ئەی نهێنی ترین ٠نهێنی ..
بازەمەن شەقار شەقار بێو
ڕێسمان بچێتە جێی ئاسمان و
خۆر بەدەریاو
شاخ بە دەشت
چەم بەنواڵە و
شین بەلۆغان
با
ڕەش وسپی ئاوێتە بن
خەندەو گریان
لەیەک ساتدا هاوار بکەن



Mit CamScanner gescannt

ئەوسا
ڕۆحت لەناو ڕۆحما
بتوێنەوە٠
پرچەکانت لەناو قژما
دەستەکانت
لەناو دەستما
خوێن لەگەڵ خوێن و
جەستەلەناو جەستەدا
ببن بەیەك٠٠٠
دەبی بە من ٠٠٠
بەڵام گیانم ٠٠٠وەك من ڕەش (با)
دەبی بەمن
بەڵام گیانم ٠٠٠ وەك جەستەی من
بیٚتاقەت وماندو بوو (نا)
ئەوسا بڕۆ٠٠٠
بڕۆ بڕۆ
بەرەو دەریای حەزو شەهوەت
لێو بۆ لێو
دەست بۆ دەست



Mit CamScanner gescannt

چاوبۆ چاو

...............

لەنێوانی ئەم هەناسە تێکەڵ بوونە

بڕۆ بڕۆ

بەرەو لوتکەی لەزەتی ڕۆح

بەرەو دونیای خاوبونەوە

ئەوسا ون بوون

ون بون لەناو دارستانی بێئاگایی

و

کۆتایی

بوون

١٩٩٣ هەڵەبجە

---

*لە فێستیڤاڵی یەکەمی گەلاوێژدا خوێندراوەتەوە.



Mit CamScanner gescannt

# سۆمای کامێرایەکی بیانی

بەسەرپەیژەی ئازارەکانما سەر مەکەوە
نەوەك نالەی زامێکی سەخت
لەم هەوارەغەریبییەتدا یەخەت بگرێ
بە هەورازی زامەکانما دامەگەڕێ
نەبا زریکەی منالێکی مەملەکەتم
لەو خەوە قوڵو خامۆشە.. ڕاتچڵەکێنێ

بەسەر خاکی خوڵەپوکەی شارەکەما ٠٠٠ هەنگاومەنێ
نەبا لەپڕ کەلەسەرێ
دەستێ ٠٠٠٠٠ قاچێ
جمگەی ئێسقانێکی ڕزیوو ٠٠٠ ڕەش داگەڕاو



Mit CamScanner gescannt

بەری هەنگاوت پێ بگرێ
کامێراکەت بەشانتەوە چاو دەگێڕێ
بست بەبستی کەلاوەکان دەپشکنی

ئاخۆ ٠٠٠لەبالآی ئەوکەلاوە ڕوخاوانە!!!
سەرگوشتەی چەند پەخشان وچەند ڕۆمان و
چەندین چیرۆك
بەسیناریۆی فلیمێکی بێ کۆتایی
لەناو دڵی کامێراکەتدا هەڵدەگری !

لێم دەپرسی
گۆرستانی پەپولەکانی ئەم شارە
وەك قراڵەی هەنجیرێکی داچۆڕاوی چلەی گەرما
لەقڵیشی کام خاکەدا٠٠
بێ چرپەو بێ گۆرانی وبێ سرودن
نیگای گەشی دنیادیدەی کامێراکەت
هێمن ٠٠٠هێمن ٠٠٠



Mit CamScanner gescannt

لەحزوورتا شۆڕکەرەوە٠٠٠
لەناخی خاکی بەرێتەوە
فلیمەکەت تۆمار بکە
ئەوە زایەڵەی تەرمێکەوا
لەئازاری هەنگاوەکانی تۆ بەخەبەر هات
ئەوەش تەرمی منداڵێکی هەڵگرومەوە
ئەودەستانەش
هە ردوو دەستی‌دوو دڵداری شارەکەمە
ئەوەجەستەی کەسێکی تر
ئەوە دوان و
ئەوەبیست و
ئەوەسەدو
ئەوە هەزار ٠٠
سەرم کاسە٠٠٠گیانم وڕە لەژمارەی ئەم سیستەمە
بۆکوێ دەڕۆی؟ هەرگوێت لەنرکەی ئینسانە ٠٠٠
بۆکوێ‌دەڕۆی ؟ هەرمەزارەو سارایەکی گۆڕستانە
ببورە لێم
ئەمەڕەنگی شارێکی ڕۆژهەڵاتیەو
تۆش هەناسەیەکی تەڕی ڕۆژئاوایت



Mit CamScanner gescannt

ببورن لێم

نەڕەنگت لەڕەنگی من ئەچێ

نە گۆرانیت وەك سۆزی من

پڕعاتیفەو عەشقەو ژانە•••

نەهەنگاوت وەك هەنگاوم ڕێگا دەبڕێ

نەژیانت وەك ژینی من

برسێتیو مەرگ •باروت و خوێن

تەرمو مەزار•••لەناخیدا ••هەڵدەگرێ

ئەمە مەملەكەتی

عەشقو جوانی ودونیای شیعرەكانی گۆرانە

سەرسام مەبە

لەم شارەدا

جوانی و•••عەشق و••••گوڵ و•••شیعریش

لەیەك ساتدا •••

هەڵپروكان •••زەرد هەڵگەڕان

یەك یەك سوتان

كامێراكەت بەبیانی ڕابردوما

بگێڕەوە••

ئەو كەشتییەی... بارێ مەرگی هەڵگرتبوو..



Mit CamScanner gescannt

لە سێبەرا.. درەختی کوشت

لە گوڵزارا.. باخچەی سوتاند

لە کانی‌دا.. سەرچاوەی لێڵو کوێر کرد

لە چیادا.. تەوقی سەری لوتکەکانی بریندار کرد

لە ناو دڵدا.. ئینسانی کوشت

ئەو کەشتی‌یەی.. زریان تەتەرو

رەشەبا هاورێو

سیانید هەناسەو

خەردەل نیگاو

مەرگ دیاری‌و نوقلانەی بوو

(*گەیشت.. \گەیشت

بارێ سێوو

بارێ هێشوە ترێی رەش‌و

بارێکی‌تر لە (زەقنەبوت)

کامێراکەت بەرەو ناخم شۆڕ کەرەوە

لەم زەمەنە ئاڵتونیەدا

من "ئاه"ێکی غەریبانەو

هەناسەیەکی گڕگرتوو تاسەیەکی تاسێنراوم

بمناسەوە



Mit CamScanner gescannt

من زامێکی سارێژ نەبووی بە ئازارم

بمناسەوە

گوڵە گەنمێکی تەرزە بردوو

شوشە عەترێکی شکاو و

دیوانە شیعرێکی شڕو

چڵو پۆپی درەختێکی سوتێنراو..م

بمناسەوە

دنیایەکی پڕ نامۆیی هەندەران و

بیابانە ڕەنگ زەردەکەی ناو (کرمان) و

بەردەم چادرێکی "سەریاس"و

ئەنفالەکەی "نوگرە سەلمان"م

لە پریاسکەی زامەکانما.. گرێ داوە

بمناسەوە

تکایە.. تکایە.. تکا

بمناسەوە

من ئەو شارەم

کە بۆنی سێو..کەڕی کردم...

-١٩٩٣-

*ئاماژەیە بۆگۆرانیەکی فۆلکلۆری (بەلەنجەو بەلەنجە).



Mit CamScanner gescannt

# تەرمی شارو دەستێکی ناسك

کزەی حەزی تۆ شنەی بایەکە
بەرەو جەنگەڵی دڵم ڕێ ئەکا
ئاهی هەناسەت باڵە فڕێکە
لە هەناسەما دێ ئێستێك ئەکا

ئەوە چەقۆیەك لە هەساندایە
ئەم شەو بیخەرە نێو دەستەکانت
شیعرێكو دڵێك لە حزورتایە
کامیان سەر ئەبڕی بە پەنجەکانت

گەر شیعرت دەوێ بیبنی مەرگی
والەبەردەمتا بۆت ڕاکێشاوە
کفنێکی سپی ببڕە بەبەرگی
ڕەنگی سەوزایی کەی باوی ماوە



Mit CamScanner gescannt

ڕەوتی پێکەنین هەر زوو باری کرد
هەنگاوی گریان بارگەی گرتنەوە
ئەو باڵدارانە نەمان کۆچیان کرد
قەقنەس و پەپو هاتن نیشتنەوە

کە شیعرێ دەگری لە پرسەی داخا
ناڵەی دڵێکی سوتاو ئەقرچێ
بە شاخی هیوا کە خەم هەڵشاخا
هەوریش لە بۆتەی خۆیا ئەڕچێ

کە لاشەی شیعرت شەقار شەقار کرد
سپیایی چاویش سور ئەنەخشێنێ
کە گوڵی وشەت یەك یەك بنبڕ کرد
لای لایەی پایز بەهار ئەنوێنێ

لەبری شمشاڵ گەروی ناڵە ناڵ
ئاوازی شوانی بۆ من ئەژەنێ
هەورازێکی سەخت بۆ دەم ڕێی خەیاڵ
سایەی شەکەتی گیانم ئەتەنێ



1
Mit CamScanner gescannt

هەرگیز سەنگەری شیعر بەرنادەم
گەرچی دەستی شەو ئەتشارنەوە لێم
ئەم تاشە بەردە لە خۆم لانادەم
من فێرم بەشەو نیشان ئەشکێنم

کە دڵێ سەرئەبڕی لەبۆتەی ڕقا
تاتەشۆر کراسی خوێن لەبەر ئەکا
مەرگەسات سوارە بەسەر زەنەقا
گەردەلول خوڵی خاك لە پێ ئەکا

پاروە نانی ڕوناکی چییە
ناکرێ بەدەمی شەوی خۆر نەدیو
شوم سەفەرێکە بێ کۆتاییە
پاساری هەتاو لە هەورا تەپیو

دڵێك نەخشاوی تابلۆی سەوز بێ
کون کون کراوی بزمار دەمێکە
شەوانی یەڵدا ئێشکی گرتبێ
خەو لێ زڕاوی ژانو خەمێکە



Mit CamScanner gescannt

دڵێك کامێرای هات و نەهاتە
کازیوەو دەیجور لە مەیدانێکا
کۆئەکاتەوە ئا بەم ناوەختە
ئەیانکا بەدەم برسی شەڕێکا

ساردی گەرمایی خاو ئەکاتەوە
یان ڕاستی دەمی درۆ ئەشکێنێ؟
ناشیرین جوانی ئەشارێتەوە
یان ئازار تۆوی برین ئەچێنێ

دڵێك سارێژی برینی لابێ
سەرچاوەی تاڤگەی خورەی ئاوێکە
کۆچەڵەی ڕاستی بەدارێکا بێ
بێ شك دارەوان هەر عاشقێکە

نانی هەژارە دەوڵەمەند ئەیخوا
گۆشتی لاوازە قەڵەو پێی تێرە
باڵای بچوکە کە گەورە ئەیبا
ڕەنگی هەتاوە کە شەو پێی فێرە



Mit CamScanner gescannt

((ئەچمە سەر سیروان ئاوی تیانییە
من لە تینوانا تەرمێکی کپم
بۆ خۆر ئەڕوانم هیچ رەنگی نییە
زمان گۆ ناکا لاڵەو بێ دەنگم

سوتانی جەستەم قەت خەفە نابێ
تا کەڵبەی گورگ تۆ بخواتەوە
بە ئاوی گەرم تینوێتیم ناشکێ
توتڕك برسێتی بیر ناباتەوە

داوای چی ئەکەی لە شاری غوربەت
جوانی کەلاوەی وێران و تەپیو
یان گەڵای مەرگی وەرانی درەخت
یان گوڵی سوری بەهار هەڵوەریو

بارانی مەرگ بەخوڕ دائەکا
چەتری راسەرم کون کون کراوە
زمان چۆن راژەی خەیاڵێ ئەکا
ئاو کەی بە بێژن حەشار دراوە؟

دواجار بمکوژە بەمنیوە شەوە
با شیعرو دڵیش پێکەوە بمرن
گەر بە حەقیقەت ئاشنا بویتەوە
باچاوەکانت خەندەم تێ گرن

١٩٨٨
تاران

---

*لە کۆڕێکدا لە هەڵەبجە، ڕۆژی ٢٥/٥/١٩٩٢خوێنرایەوە.



Mit CamScanner gescannt

# ژانی شەوانی تەنیایی

هەتا ئێستاش
سڵ لە زۆر شت ئەکەمەوە
لەنامۆیی‌و لە غوربەت‌و
لەتەنیایی زۆر ئەترسم
لەم شەوەدا
وەك بەلەمێکی سەرەرۆی دەریا
تاك‌و تەنیام
گیان تێماوە..
زۆر ئەترسم ئەم تەنیاییە
وەك ئەهەنگێ..
بمکاتە ماسیەکی گچکەو
لەم شەوە گەرم وتوشەدا.. هەڵم لوشێ
گەر سۆراخی چاوەکانتم پێ رانەگا
ئەبمە پەروانەی بێ لانەو
زریانێکی سەختی دڵ رەق وێڵم ئەکا



Mit CamScanner gescannt

لەم شەوەدا

تا تیشکی چاو تەماشا ئەکا

ڕەنگی سەوزی ئەستێرە یەو...

بریقەی دێ

تاو نا تاوێ

ئەستێرەیەك بێ پەسا پۆرت سەرهەڵدەگرێ..

دەڵێن گوایە کەسێ ئەمرێ

بۆیە ئەویش هەوارگەی خۆی بەجێ دێڵێ

لەتەك خۆیدا..

خەیاڵی عاشقە خەو لێزراوە دەفرێنێ

-کێ عاشقی چاوی کاڵ و

زەوی و

خۆرو

برسیەکانە؟

لەم شەوەدا..

پەیتا پەیتا..

هەوری سپی..

جار جار تووڕەو ڕەشداگەڕاو



Mit CamScanner gescannt

وەك تارمایی..
هەواڵی گەڵا ڕێزانی پاییز دێنێ
( پاییز وەرزی داچۆڕانی ئەشکی چاوە
پاییز..
وەرزی بارەشەیەو
روت کردنی درەختی سەوزو
هەڵرژانی تێشوی شیعری ناو هەناوە )
لە دورەوە
دڵی چرایەك .. دائەگیرسێ...
تەنها رەنگی ئەو چرایە...
ئەختێ ژانی هەناسەکەم
خەفە ئەکا..
ئەم شەو شەوێکی تاریکەو ..مانگ هەڵنایە
تەنها بەستەی ئەو چرایە
تاسەی حەزو دڵو بیستن پەخش ئەکا
دەنا ئیتر مانگی ئەم شەو
کاروانچییەکی رێ لێ ونەو
لەم ئاستەدا
پشو نادا



Mit CamScanner gescannt

هێدی هێدی گڕی چرا
وەکو دڵی بێوەژنێکی ڕەش پۆش
سیس هەڵگەڕا
دەنگێ لە دور..
هاواری کرد...
ئەو درەنگە... ئەو درەنگە
یەکەم دەنگی کەڵە شێربو..)
نیش وەنەوز
یێم بێزارەو نامناسێ
ەتا چرکەی کاژێرەکە
یاد خول بخوا
نیا کش و هێمن تره
ەسا وەرە..
گیانی ساردم
سەهۆڵ بەندی ناوچەیەکی بەستەڵۆکە
ەسا وەرە
ەکو گڕی ئەو چرایە
خەفەت و ژان لە جەستەی سڕ بوما دەرکە



Mit CamScanner gescannt

بێجگە لە سیمای ئاگراویت.
هیچ نیگارێ
بە هێمنی ئەم تەنیاییەم
نا هەژێنێ
کامە سەیرو سەمەرەیە
کام شت لەم شەوە توشەدا بەهیمەتە
دەریای حەزم
ناشلەقێنێ
ئەوەی دڵە تەنیاییەکەم
بە پەرۆشەوە بۆی حەژمەتە
تەنیا مانگو
هەردو چاوە کاڵەکانتو
هەناسەتە..هەناسەتە.. ه ە ن ا س ە ت ە....

١٩٨٥ هەڵەبجە

---

ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا لەگەڵ برای شاعیر شەهید( جەلال عازەبانی )
لە هەڵەبجە لە پایزی ١٩٨٦ خوێندرایەوە ..

# عەشقی سەوز

ئەمڕۆ بە دیدارت گەیشتم
سەرو سیما
لە کناچەکەی جاران ئەچووی
لەبەردەمما قیت ئەبویت و
بە بت ئەبووی
تەنها تۆزێ پرچەکانت درێژترە
باڵاکەشت.. لەوسا بەرزترە
ئەی کناچە پرچ درێژەی باڵا بەرز*
لە بیرت دێ
شاعیرێ بوو......هەرچی ووشەی سەوزی هەبو
بۆتۆی دەووت
تا بە پرچت گرێیان داو
شیعرێکی لێ دروست ئەکرد



Mit CamScanner gescannt

ئەم شیعرە شێتە بێدەنگەش
هێمن.. هێمن
بۆلای گەردنە بێ گەردەکەت
ڕێگای ئەگرت
شیعر ئەیوت
من سکاڵای شاعیرێکم
شەو خەو ناکا
بۆیە شەوێك
پاش ئازاری ژانێکی سیا
چاوم دنیای ڕوناکی دی
لەگەردنی ئەم کچەدا..
-شیعر دەرگای رازەکانی ئەکردەوە
بە بێدەنگی.. پێی ئەوتی
خۆشەویستم
چرۆی باغم.. وا سەرلەنوێ
دێراوی چاوەکانت بوو
لە بیرت دێ.. لەکاتێکدا
دیوانەکەت ئەم دیو دیو کرد

ئای چەند خۆش بوو
كە پەپولە وا سەرلەنوێ
شەیدای گوڵی بەهارم بوو
هێشتا چەند وشەیەك مابوو
لە خۆشیانا لە ئامێزی گەرمت ئەگرت
لێوەكانت ئەخستە سەر یەكەم وشەو
یەك لە دوای یەك ماچت ئەكرد
پێی ئەوتی پەلە مەكە
ئەم وشانەش هەر بۆتۆیە
من گەرەكمە عاشقێ بم
عەشقی پاكم
لە قولایی روبارەكان بلند تر بێ
ئەمر بێتو
عەشقی سەوز لە گیا نما بێ
عەشقی سەوز
عەشقی سەوز
لە كۆتایی شیعرەكەدا
كاتژمێر.. ١٢ی شەو نوسرا بوو
ئیمزا.. شاعیرێكی ئالۆدەت بوو



Mit CamScanner gescannt

ئەتوت وایە
منیش عەشقی سەوزم لایە
وەکو چاوم وەکو گیانم
عەشقی سەوزم لا پەسەندەو
لە دڵمایە..ئەو رۆژانە زوو تێ پەڕین
بۆیە منیش پێم ئەوتی
لەگەڵ تۆمە کچێ مەڕۆ
شاعیرێکم
رێی کاروانی عەشقی ( نالی ) شارەزوورم
لە رێدایە
بۆتۆش نابیە ( حەبیبە )ی من
چی لە عەشقی گیانی شاعیر
پاکتر هەیە لەم دنیایە
کچێ مەڕۆ
لەم دنیایە هیچ شك نابەم
لە شیعری سەوز دڵگیرتربێ
کچێ مەڕۆ
هیچم نی یە بەلای خۆما راتبکێشێ
خۆت دەزانی



Mit CamScanner gescannt

ماڵی شاعیر پاندانێکەو دەفتەرێکی ڕەش گراوەیە
چاك دەزانم بۆ دەڕۆیت‌و بە جێم دیڵی
دەبیە منداڵێکی چەتوون
بە، بەرد شوشەی دڵی تەنیام ئەشکێنی
من وام لەژێر "کۆشکی بەرزاو
بە بوغزەوە تێت دەڕوانم
تۆش لە پێنجەم نهۆمداییو
تادێ بۆ بەرزتر دەڕوانی
دەڕۆی بڕۆ.. "ڕەوڕەوەکە" راناوەستی
ئەم کۆشکەیە.. هەتا سەریش ماڵت نابێ
دەڕۆی بڕۆ
دەنا من هەر عاشقەکەی جاران دەبم
هەر عەشقی سەوزم خۆش دەوێ
دەڕۆی بڕۆ.. بڕۆ.. بڕۆ
عەشقی سەوزایی خۆم بۆ (خۆم)و
عەشقی زڕو زەردیش بۆ تۆ......

---

*نیوەدێرێکی شیعری (گۆران)ە بە دەستکارییەوە
*لەکۆڕێکدا لە ساڵی ١٩٨٦ لەهەڵەبجە خوێندرایەوە

# بڕیار

بڕیارم بوو
لە پاش ئەوەی بەجێت هێشتم..
لە گلێنەی چاوەکانما
هیچ شەوگارێ نە تخەوێنم
بڕیارم بوو
لە پاش کۆچی مەرگەساتیت
بیرەوەری خۆشەویستیت
لەسەر لا پەڕەی یادما
تورێ دەم و بێ سوتێنم
بڕیارم بوو..
جارێکی تر..
بەتەنافی شیعرەکانما
بالاکەتی پێیا هەڵنەخەم



Mit CamScanner gescannt

لەناو دێڕا..
لە هەڵبەستا..
ناوت نەبەم
من بڵێم چی
سۆزی عەشقو
خۆشەویستیت
پاندانێ بوو
بڕیارەکانمی هەڵوشاند
دوای ئەوکاتەی خستە دەستم
شیعرێکی تری بۆ هەڵبەستم

١٩٨٣
سلێمانی



Mit CamScanner gescannt

# فرمێسکی شەو

## (١) راز

بەبا ر تەقای درەختێکا
بەسەر گیانی هەر لکێکی کۆماوەبوی سەر چڵێکا
پەنجەکانم لێ گیر ئەکرد
بە ئاکامێ چرۆی کاڵێ
یەك یەك هەنگاوم بژار کرد
ئەمویست باسکم..
بۆ گەردنی زەردی کچێ
گەر دانەی هەڵبەستراوی بێ
بەڵام چی بکەم
لکی کۆماوی چەند ساڵەم
رازی رەشی هەڵگرتبو وا
درکاندی و



Mit CamScanner gescannt

هیوا کانمی
بەردو شانۆی تراژیدیای خاو بونەوە
پێچایەوە

# (٢) دەرگا

نەخشەی گەڵێ ڕێگام کێشا..
ڕێبوارێکی سەرقافلە بووی
لەگەڵ رەوتی ئەسپی خۆرا
تۆ هەنگاو بووی
هەرچی داهێنانم هەبوو
هەرچی نەخشەو ڕێگام هەبوو
گەڵای زەردی پایز بوون و
گشت هەڵوەرین
هیوا مەڵاس دراوەکان
دەرگای دڵمیان.. تێك شکان و لێم دەپەڕین



Mit CamScanner gescannt

# (٣) ون بوو

ئەڵێن شاعیر
ئەگەر خەمێ
بەسەر رویا هەڵبشاخێ
لەناو چوار چێوەی شیعرێکا..
بەدڵی خۆی دایدەڕێژێ
نا نا مەڵێن
چونکە شاعیر
هەرچی بوێ..بۆی نانوسرێ
وشە سەرپێچبووەکانی
لێ ون ئەبێ
بۆی ئەگەڕێ
ئەوەی کەوا خۆی ئەیەوێ
لێی ناکەوێ



Mit CamScanner gescannt

بۆیە منیش
ئەم شەو دەرگای وشەی ویستم
ئاڵۆز بووە
هەرچی وشەی دڵویست هەیە
لەناویدا مەڵاس بووە

## (٤) گەڕانەوە

هاتم هاتم
پەنجەکانم
پرچەکانت پەخش بکات
تامەزرۆی گوێم
بە بیستنی ( خۆشەویستیم )
لەناختەوە بشکێنم
بەڵام بۆچی
لەتاریکی شەوە زەنگا



Mit CamScanner gescannt

بەجێت هێشتم
لەتەک تێشوی کاروانێکا
کۆڵێ خەمت بۆ هەڵڕشتم

١٩٨٣ سلێمانی

---

* لە گۆڤاری کاروان ژمارە( ٢١ ) ساڵی -١٩٨٤- بڵاو کراوەتەوە.



Mit CamScanner gescannt

# پڕیاسکەی عاشقێکی پەشێو

## داوا

ئەتەوێ بڵێم
چەندم خۆش ئەوێی؟
چەند گەورەی لەلام؟
چەند ڕێزت ئەگرم؟
تا چ ڕادەیەك من بۆ تۆ ئەمرم؟
گەر تۆ ئەتوانی..
ژمارەی تەزبیحی دایەگەورەکەت
لەوەتەی هەنو بۆ خوا ئەڕوانن؟...
کۆیانکەیتەوە.. چەندە قەزوانن؟...



Mit CamScanner gescannt

ئەو کاتە دەڵێم.. بەقەد ژمارەی..
ئەو تەزبیحانە من خۆشم ئەوێ..
لەوەندەش زیاتر.. چیت لەمن ئەوێو..
داوای چی ئەکەی؟.....
-١٩٨٦ -

## پرسە..

ئەوە کراسی چەند خەمێکت لەبەردایە..؟
وا وەك ڕەنگی دارئەرخەوان
خەم دایگرتووی!
پرسەی ئازیزێکی خۆتە؟
خزاویتە ڕەنگی شەوێکی قەترانی!!
تۆش سوتانی گوڵی ژینت لا ستەمە؟!!
تۆش خەم ئەگری!!
کاتێ ڕەنگی ئاوابوونی خۆر ئەبینی؟

# گریان

لەگەڵ شینی شیعری رەش پۆش
جۆگەی فرمێسك
لە بیلبیلەی چاوانتەوە
چۆڕاویان بەست
بە برینی خوێن تێزاوی زەخمێکی کۆن
سیاچەمانەی خەوێکی قوڵ
ئەڵێمەوە
تۆش لەگەڵما.. تێر.. تێر
ئەگریت
تۆ بە دەنگی پڕ هەنیسکی
بزرکاوی
من لەناخی لەت لەت کراوی
خوێناوی..



Mit CamScanner gescannt

تۆ بە دیدەی قەتیس ماوی
فرمێسکاوی
من بە دڵ ئاژەنراوی
پڕ سۆزاویی..
بۆ یەک ئەگرین
بۆ یەکتری ئەتلێینەوە
بەسە کچێ چیتر مەگری
مۆمی ئارام..
وا دەسوتێو دەبڕێتەوە

## سوتان

تۆ پێت وتم
گەر پەروانەی خۆت خۆش دەوێ
ئەو چیرۆکە بسوتێنە
(فلاش باگ)ی عەشقی منالی نێوا نمانە
منیش وتم... بەڵێ گیانە



Mit CamScanner gescannt

نەك هەر بلێی چیرۆکەکە
ئەوە دەستم.. ئەوە گیانم
ئامادەیە بۆ ئەو سوتانە
شەوێك لەگەڵ تۆفانێکی زۆر تورەدا
گڕو کڵپەم لە هەناوی چیرۆك بەردا
وشە.. وشە
رستە.. رستە
پەڕە.. پەڕە
سەفتە.. سەفتە
ئەو ئەسوتاو

من فرمێسکم بۆ هەڵئەڕشت
هێندەی نەبرد
خۆڵە مێشی چیرۆکەکە
لەگەڵ ئاهی هەناسەما
تێکەڵ بوون و ........
چەن چیرۆك و......

چەندان شیعری تریان هەڵبەست

بەفرانباری ١٩٨٤



Mit CamScanner gescannt

# بوکە شوشە

ئەو بوکە شوشەی بەرانبەرمانە
رەنگە ئێستاکە لە خەم نەزانێ
بەڵام تێ ئەگا نهێنی دڵمان
ئەها جار جارێ کە پێ ئەکەنێ

# پەشێوی چیت؟

هەمو رۆژێ
لە پشت لوتکەی چیای ئەزمەر
خۆر بەکزی سەردەردێنێ
کەچی هێشتا کاروانچیەکان ..
پەرۆشن بۆ هەتاوی دەمەو بەیان
هەمو ساڵێ لە زستانا شەستە باران سنگی زەوی دەشواتەوە
کەچی هێشتا جێ پێکانت تینوی دڵۆپە باراناون
واکاروانچی پەشێوە بۆ تروسکایی پرچی هەتاو
ئەوا خاکیش پەشێوە بۆ دلۆپێ ئاو



Mit CamScanner gescannt

پێم نالێی تۆ پەشێوی چیت ؟
هەورو باران
خۆری ئاسمان
یان پەشێوی خۆشەویستیت؟
کچی کانی و بەفرو چیا
( ئەی رازاوەی جوانتر لەبوك )
ئەی پەروەردەی خۆرو ئاوی گەشو سازگاری ( توی مەلیك )
ئاخۆ ئەبێ تەنها ساتێ لەژیانتا ..
پەشێواوی عەشقی من بیت؟.......

١٩٨٤-سلێمانی-

# قاوەیی کاڵ

-- لەکوێوە دەست پێ بکەم
** کەیفی خۆتە
---لەچی ئەچی؟
*** لەشیعرێکی ناسکو ئاڵ
--- چاوەکانت چ ڕەنگێکن؟



Mit CamScanner gescannt

*** قاوەیی کاڵ
---ئەگەر هاتم وەکو دەساڵ بەر لە ئێستا
بە تەشیی یەکەی مناڵیمان بیرێسمەوە
تۆدەڵێی چی؟
***ه ه ها••ن ن نا•• نا•• ئەترسم •• نا تاوانە
---بودەڵێی نا؟ ••بۆ دەترسی ؟بۆ تاوانە؟
لە کاتێکدا خۆشەویستیت ئازیزترە لەم چاوانە•••••

سلێمانی -١٩٩٠



Mit CamScanner gescannt



من شاعیرانه عاشقی بووم‌و..
ئه‌و سیاسی‌یانه ده‌ستی هێناو
خستیه ده‌ستم
من شاعیرانه لێوم نزیك كرده‌وه
ماچی بكه‌م..
ئه‌و سیاسی‌یانه روومه‌تی هێنایه
پێشه‌وه..
شاعیره ماچ..
لێوی هه‌نگه بۆ هه‌ڵمژینی شیله‌ی گوڵ
سیاسی‌یه ماچ..
تیغی ده‌بانه بۆ هه‌ڵوه‌راندنی په‌ڕه‌ی
گوڵ
ریسه‌كانی سیاسه‌ت زوو ده‌بنه‌وه
به‌ خوری
شیعر دره‌نگ تر
عه‌شق بۆ ئه‌به‌د

سلێمانی ٢٠٠٢

Mit CamScanner gescannt